# هونەر و چالاكی هونەری پەیوەست بە باخچەی منداڵانەوە

# الفن و الأنشطة الفنية و علاقته بطفل الروضة

# Art and Artistic Activities related to Kindergarten

دیاركۆ قاسم ئەنوەر[1]، ئازاد حەمە عبداللّه[2]
[1,2] بەشی كۆمەڵناسی ،كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین ، شاری هەولێر، هەرێمی كوردستان ، عێراق
Corresponding author's e-mail: Azad.hama@univsul.edu.iq

## پوختە

هونەر وەك بنەمایەكی گرنگی ژیانی تاك، بۆ ناساندنی ناخ و دەروونی خۆد، و بەرەوپێشبردنی ژیان و بەردەوام بوونی، پێویستە هەر لە قۆناغ و تەمەنێكی كەمەوە رەچاو بكرێت و كاری لەسەر بكرێت، كە لە جیهاندا و لە هەرێمی كوردستاندا بەشێكە لە باخچەی منداڵان و گرنگیەكی تایبەتی پێدەدرێت، و چەندەها لق و پۆپی لێبووەتەوە، لەوانە چالاكی هونەری، كە دەبێتە بنەمای برەودان بە هونەر لە ناخ و دەروون و كەسایەتی منداڵدا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندن و دەرخستنی گرنگی هونەر و چالاكی هونەرییە لای منداڵی باخچە و دیاریكردنی ئامانج و جۆرەكانی و گرنگیەكەیەتی، هەروەها سەرنج دەخاتەسەر پاڵنەرەكانی منداڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاكیانە و پەیوەندییەكانی هونەر بە پەروەردەوە.

**كلیلە وشەكان:** (هونەر، چالاكی هونەری، باخچەی منداڵان).

## Abstract

Art as an important basis of individual life, to introduce one's heart and mind, and to improve life and continuity, should be considered and worked on from an early age, which is part of kindergartens in the world and in the Kurdistan Region , and has led to many branches, including artistic activities, which become the basis for the development of art in the heart, mind and personality of children.

The aim of this study is to introduce and demonstrate the importance of art and artistic activities among kindergarten children and determine the purpose, types and importance, as well as focus on children's motivations for these activities and the relationship between art and education.

**Keywords:**( Art, Artistic Activities, Kindergarten).



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10542 |
| رێككەوتەكان | رێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٣٠ \| رێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٥/٢٢ \| رێككەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Azad.hama@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو كردنەوە | ©٢٠٢٤ دیاركۆ قاسم ئەنوەر ، پ.ی. د. ئازاد حەمە عبداللّه،گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الخلاصة

الفن كأساس مهم للحياة الفردية ، للتعريف بالقلب والعقل ، ولتحسين الحياة والاستمرارية ، يجب اعتباره والعمل عليه منذ سن مبكرة ، وهو جزء من رياض الأطفال في العالم وفي إقليم كوردستان ، وله أدت إلى العديد من الفروع ، بما في ذلك الأنشطة الفنية ، والتي أصبحت أساسًا لتطور الفن في قلب وعقل وشخصية الأطفال.

الهدف من هذه الدراسة هو تعريف وإثبات أهمية الأنشطة الفنية والفنية لدى أطفال رياض الأطفال وتحديد الغرض والأنواع والأهمية ، وكذلك التركيز على دوافع الأطفال لهذه الأنشطة والعلاقة بين الفن والتعليم.


## پێشەکی

بەڕاستی قۆناغی منداڵی بناغەی هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، کە بە درێژایی مێژوو گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە و کراوەتە پێشەکی کاری پەروەردەیی لە هەموو ناوەندە پەروەردەیی و زانستییەکاندا.

بەپێی تێپەڕبوونی کات و بەرەوپێش چوونی ژیان، باخچەی منداڵان کراوەتە لانکەی پەروەردەیی بۆ منداڵانی ئەم سەردەمە، کە ئەم قۆناغە بە قۆناغی کردنەوەی دەرگا دادەنرێت بۆ خوێندن و فێربوون...

باخچەی منداڵان بە مەبەستی چەندین ئامانج دامەزراوە، کە گرنگترینیان ئامادەکردنی منداڵە بۆ قۆناغی خوێندن و فێربوون.

هەروەها چالاکی هونەری و گەشەپێدانی بواری پەروەردەیی، یەکێکی ترە لە ئامانجە گرنگەکانی باخچەی منداڵان، کە ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ناساندن و دەرخستنی ئەم بوارە گرنگەدا دەبینێتەوە.

**مفاتح الكلمات:** (الفن ، الأشطة الفنية ،روضة الأطفال).

## پرسیار و گرفتی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە وەڵامی چەندان گرفتی سەرەکی بدەینەوە، لەوانەش وەکو:

١. هونەر چییە؟ چی دەگرێتەوە؟

٢. جۆرەکانی هونەر چین؟

٣. چالاکی هونەری چییە؟

٤. باخچەی منداڵان چییە؟

٥. گرنگی چالاکی هونەری بۆ باخچەی منداڵان چییە؟

٦. ئامانجەکانی چالاکی هونەری چین؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

١. باخچەی منداڵان لە بوارە پەروەردەییەکەدا ئامانجی خۆی پێکاوە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ قوتابخانە و ناساندنی چەمکە بنەڕەتییەکان.

٢. پەروەردەی هونەری بە تەواوی شوێنی خۆی نەکردووەتەوە لە نێو باخچەکاندا.

٣. مامۆستایان و فێرکەرانی باخچەی منداڵان گرنگییەکی تەواو دەدەن بە جوانی و جوانیناسی.

ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

١. دەرخستنی گرنگی باخچەی منداڵان.

٢. دەرخستنی گرنگی پەروەردەی هونەری لە ژیانی تاکدا و بەتایبەتیش ژیانی منداڵان.

٣. دەرخستنی هەمووجۆرەکانی چالاکی هونەری.

٤. دەرخستنی پەیوەندی نێوان پەروەردە و هونەر.

## بەشی یەکەم: هونەر

### باسی یەکەم: پێناسەی هونەر:

بنەچەی وشەی هونەر بریتییە لە تێخنە (techne)ی گریکی و (Art)ی لاتینی و لەگەڵ (Technique)ی ئینگلیزی و فەرەنسی و(فن)ی عەرەبی و فارسی هاومانا و واتان (حمه صالح ،٢٠١٣،لا ١٢)، بەڵام بنەچەی وشەی (هونەر)، کە لە زمانی کوردیدا بۆ ووشەی (حونەری و حونەر) دەگەڕێتەوە، کە لە ئاخافتندا بۆ وەسفکردنی هەرکارێکی ئاست بەرز، کە بەدیهێنانی جۆرە زرنگی و وریاییەکی نائاسایی پێویست بێت بەکاردەهێنرێت. لە ئێستادا ئەتوانین بڵێین ئەم تێگەیە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، تێکڕای هونەرە جوانەکانی وەکو نیگارکێشی و پەیکەرتاشی و میوزیك و ئەدەب و شانۆگەری و چالاکیەکانی تر ئەگەڕێتەوە (میراودەلی،٢٠٠٥،لا ١٨).

هونەر بریتییە لە بەکارهێنانی ئەندێشە بۆ دەربڕینی ئایدیا، جا ئەکرێت لە ڕێگەی هەریەکە لە هونەرە جیاوازەکانەوە بێت (حمەصالح، ٢٠١٣،لا ١٢) دیارە، واتاو گوزارشتی وشەی هونەر لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جیاواز بەکارهاتووە.

گەر بڕوانینە مێژووی هونەر، ئەوە ئەبینین ئیشی هونەری بەجیاکاری لەنێوان شێوازی کۆن دەست پێدەکات. ئەو ئاڕاستەیە لەنێو هەموو کۆمەڵگا دێرینەکاندا بڵاوبووە، لەوانەش کۆمەڵگای گریك. بۆیە دەتوانین مێژوویی هونەری کۆن لە دوو شێوازدا ببینین:-

١. شێوازی هونەری دێرین: یان ئەتوانین سەردەمی (بەردین)ی پێی بڵێین، ئەو شێوازە بەوە جیادەکرێتەوە، کە زیاتر واقیعە. لەم شێوازەدا مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە بەوردی سروشتی وێناکردووە.

٢. شێوازی هونەری سەردەمی بەردینی نوێ: تایبەتمەندی ئەم شێوازە ئەوەیە، کە هونەر لێرەدا پەیوەست دەبێت بەتێڕوانینی ئایینی بۆ ژیان (مطر، ٢٠١٩، لا ١٢).

بۆیە داهێنانی هونەرو هەستکردن بە جوانی و جیاکردنەوەی لە ناجوانی بابەتێکە هەر لە سەرەتای ژیان بەجۆرێك لە جۆرەکان بوونی هەبووە، بەڵام فەلسەفەی هونەر و داهێنانی پێوەر بۆ لەیەکتر هەڵاوێردنی ئەو بابەتانەو پۆلێنکردنیان لەگەڵ پەیدابوونی فەلسەفەی کلاسیکی گریکدا سەرئاوکەوتووە، وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی کلتوری کۆمەڵایەتیدا خەت و خاڵی داوە (عزیز، ٢٠٢١،لا ٧٦).

: دەتوانین بڵێین واتای هونەر وەك چالاکی لە ڕوانگەی مێژووییەوە، پێش چالاکی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و تەنانەت بیرکردنەوە لە هونەریش دەرئەکەوێت.

ئاشکرایە، مرۆڤ بەر لە دامەزراندنی شارستانیەت و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی ئاژەڵی کێشاوە، ئەم وێنەکێشانە تەنها وەك گوزارشتێکی سادە لە وێنە کێشراوەکە بووە، بەقووڵی لە چالاکییەکە تێنەگەیشتووە و نەیتوانیوە ڕاڤەی بکات. هەربۆیە لەپێشوودا بابەتەکانی هونەر نەبوونەتە بابەتی توێژینەوە، بەڵکو لەگەڵ پەیدابوونی بیرکردنەوە فەلسەفییەکان بەتایبەت لەسەردەمی پلاتۆنەوە، واتای ئەو چالاکیانە بەکارێکی هونەری دانراون و بوونەتە بابەتی توێژینەوە (کەمال، ٢٠١٧،لا ٩).

لێرەوەیە، کە خەڵکانێك سەردانی پێشەنگایەکی وێنەکێشی دەکەن، یا شیعرو ڕۆمان دەخوێننەوە، یان سەیری نمایشی سەمای بالیە دەکەن، یان لەکاتی چوونیان بۆ سینەما بۆ سەیرکردنی فیلم، یان گوێ لە مۆسیقا دەگرن، ئەمانە بیریان کردۆتەوە هونەر چییە؟

ئەمە سەرەکیترین پرسیارە لە فەلسەفەی هونەردا، ئەم بەشە ڕەچاوی چەند وەڵامێك دەکات، کە دراوە بەم پرسیارە. هەروەها ئەم بەشە ڕاڤەی ژمارەیەك پرسیاری فەلسەفی دەکات، دەربارەی سروشتی ڕەخنەی هونەر (وابرتۆن، ٢٠١١،لا ٢٣٩). کەواتە هونەر وەك چالاکی بریتییە لە زیندووکردنەوەی ئەو هەستەی، کە پێشتر مرۆڤ ئەزموونی کردووە بەهۆی جوڵان و ئاماژە و هێڵ و ڕەنگ و دەنگ و وێنەکانەوە بەجۆرێك بنوێنێتەوە، کە مرۆڤەکانی تریش بتوانن هەمان ئەو هەستە ئەزموون بکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هونەر چالاکیەکی مرۆییە و بریتییە لەوەی، کە مرۆڤێك ئاگایانە و بە هاوکاری نیشانگەلێکی دیاریکراوی ڕواڵەتی، هەست گەلێك بگوازێتەوە بۆ خەڵکانی تر، کە خۆی ئەزموونی کردوون، بەجۆرێك ئەم هەستانە بچنە ناو ئەوانیشەوەو ئەزمونیان بکەن و لەو قۆناغە هەستییە بگوزەرێن، کە ئەو پێیان داتێپەڕیوە (حمەصالح، ٢٠١٣،لا ١٥).

## باسی دووەم: جۆرەکانی هونەر

مرۆڤ لەرێگەی جۆرە جیاوازەکانی هونەرەوە گوزارشتی لە بیروڕاکانی خۆی کردووە و توانیویەتی پرسیار لە بوون و نەبوون بکات و بەدوای پێکهێنەری گەردوون دا بچێت.

ئەمەش بەچەندین جۆرو شێوە لەناو بازنەی هونەرەکانی دەستکردی مرۆڤدا دەرکەوتوون. لەو جۆرانەش گێڕانەوەی ئەفسانەو شیعری تراژیدی و کۆمیدیا)یە، کە کاریگەرییەکی گەورە و زۆرترین سەنگیان هەیە.

**١-گێڕانەوەی ئەفسانەیی:**

لەسەرەتادا باس لە ئەفسانە دەکەین، لەبەرئەوەی ئەکەوێتە پێش کاری فەلسەفاندن، یان بە قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەنرێت. ئەفسانە وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی فەلسەفەو هزری ئادەمیزاد لە ئەنجامی وردبوونەوە لە دیاردەکانی گەردوون و پێوەندیان بە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدا دەبێت. ئەم وردبوونەوەیە بووەتە هۆی دروستبوونی سەرسوڕمان و ئەمەش پرسیار چێدەکات، گەر پرسیاریش دروست بوو پێویستی بە وەڵام دەبێت، ئەم وەڵامەش دەروونی ئادەمیزاد هێمن دەکاتەوە. ئەگەر بێت و سیستەمی گەردوون وەك چیرۆکێك باس کرابێت، چیرۆکێك دەربارەی ئەوە بدوێ کێ ئەم گەردوونەو مرۆڤی دروستکردووە و چۆن و بۆچی خێر و شەڕ پێکەوەن و لەهەمانکاتیشدا دژ یەکن؟ لێرەدا ئەتوانین وا دابنێین ئەم چیرۆکە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی پێشاندەدات، ئەفسانەی پێدەوترێت (ابراهیم، ١٩٨٦،لا ٢١٤). ئەفسانە ئەتوانرێت بەساکارترین گەشەی ئاوەزی سەردەمی خۆی دابنرێت، کە وەڵامی چەندین پرسیار دەداتەوە و گەرچی بەشێوەی شیعر گێڕانەوەی لەخۆ گرتبێت، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی گرنگ و بروا پێکراو بوونە. کاتێك باس لە ئەفسانە دەکەین، باس لە قۆناغێك دەکەین، کە پێی دەوترێت قۆناغی پێش سەرهەڵدانی فەلسەفە. هەموو هزر و هۆشیاریەك باهۆزی سەردەمی خۆیەتی و لە دەرئەنجامی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری ئەوکات و شوێنەوە هەڵقوڵاوە (سەعید، ٢٠٠٩،لا ١٠). ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باسدەکات، کە لەسەردەمێکی زۆرکۆندا ڕوویانداوە و ئەو دیاردە گەردوونیانە شیدەکاتەوە و هۆی پەیدابوونیان ڕوون دەکاتەوە. کەواتە ئەوەی بەڕاستی ئەفسانە بێت و بتوانین لەم خانەیە پۆلێنی بکەین، پێویستە پاشینەیەکی مێژوویی هەبێت. ئەبێت پاڵەوانە سەرەکییەکانی خواوەندێك، یان نیمچە خواوەندێك بێت، بەپێچەوانەوە ئەچێتە خانەی چیرۆکی میللیەوە (ابراهیم، ١٩٨٦،لا ١١). چەندین ئەفسانەی بەناوبانگ هەن، کەلەناو شارستانیەتە جیاوازەکاندا، کە تا ئێستا بەهای هونەری خۆیان لەدەست نەداوە و بە بەرهەمی ڕەسەنی هزری مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێن، لەوانەش ئەفسانەی سۆمەری گلگامێش، ئۆدیب، هەروەها بەرهەمەکانی ئەلیازەو ئۆدیسای گریکی (سەعید، ٢٠٠٩،لا ١٥).

**٢-شیعر:**

وەك نمونەیەکی هونەریی مێژوویەکی دێرین و پانتاییەکی گەورەی هەیە و مرۆڤ لە کۆنەوە لە زۆر بۆنەدا پەنای بۆ بردوەو هزرو توانا هونەرییەکانی لە ڕێگەوە گواستۆتەوە.

شیعر لە هزری شاعیردا دروست دەبێت و بە پرۆسەیەکی لۆژیکیدا تێپەڕدەکات، خوڵقاندنی شیعر ئەنجامی ئەندێشەیەکە و هەڵچوونی شاعیریش ئەنجامە بۆکاردانەوەی ڕاستی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هزری شاعیردا (مطلب، ١٩٧٨،لا ٨).

سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە لە مرۆڤدا، ئەوانیش ئارەزووی خۆڕسکی مرۆڤ بۆ لاساییکردنەوە و وەرگرتنی چێژە لە

لاساییکردنەوە.

ئارەزوی لاساییکردنەوە شتێکە لە سروشتی خۆماندایە، هەستی ئیقاع و مۆسیقاش هەروایە. تەنانەت کێشیش، کە خۆی بەشێکە لە ئیقاع. مرۆڤ سەرەتا لەم توانا سروشتیەوە دەستی پێکردووە، و بە زنجیرەیەك هەوڵی سەرەتایی پێشکەوتندا تێپەڕیووە و بەسەر زارەکی شتی گوتووە، لەم سەر زاریەکیە شیعر پەیدابووە (ئەرستۆ ، ٢٠٠٤،لا ٢٢).

## باسی سێیەم: پەیوەندی هونەر بە پەروەردەوە:

پەیوەندی هونەر بە پەروەردەوە گرنگە، کاتێك خەڵك کاری هونەری ئەنجام ئەدەن، دواتر لێی تێدەگەن و چێژی لێدەبینن، ئەوە خۆی لە خۆیدا پەروەردەکردنە، هەروەك چۆن پەروەردە ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی دەپێکێت و بەڕاستی و دروستی پەروەردەیەکی ڕاستەقینە پێشکەش دەکات، یان واتایەکی تر دەبێت بە هونەر، پێویستە هەوڵ بدەین واتای هەمووئەوانە بزانین کە لە نێوان هونەر و پەروەردەدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و بەهێزە، ئەوە بنەمای یەکگرتنەکەیە لە نێوانیاندا.

لێرەدا، ئەرکە سەرەکییەکەی خۆمان ئەزانین وەك پەروەردەکارێك و هەم وەك هونەرمەندێك، لە کۆتاییدا هەست بە کاریگەریەکەی دەکەین، کە هونەرمەندین و لە هەمان کاتیشدا پەروەردەکارین. (عەلی ٢٠١٦، لا ٩٨)

ئەرکی خودی پەروەردەکردن ئەتوانین بەم چەند دێڕەی (خەلیل عەلی) کورت بکەینەوە:-

هونەرمەند لە ڕێگەی قوڕ ڕەنگ دار و وشە و گۆرانی بیروجۆچوونەکانی دەرئەبڕێت، بەڵام پەروەردەکار کارەکەی وەك هونەرمەند وایە و کەرەسەتەکەی خودی مرۆڤە، ڕەفتارەکانی ڕێك ئەخاتەوە، بیر و بۆچوونەکانی باش ئەکات، وەڵام دانەوەکانی چاك ئەکات، حەزەکانی بنیات ئەنێت، هەست پێکردنەکانی فراوان ئەکات، لە کۆتاییشدا مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبی، کە هەست بە بەرپرسیارەتی ئەرکەکانی بکات، مافەکانی بزانێت، بەرهەم ئەهێنێت و پێشکەشی کۆمەڵگەی ئەکات، ئەگەر لە هەر ناوەندێکی پەروەردەدا ئەم کارە بکرێت بزانە چی ڕوودەدات؟ بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی کراوە و ڕۆشنبیر و وشیار بەرهەم دێت. (عەلی ٢٠١٦، لا ٩٩)

لێرەوەیە، بەشێك لە لاوازی تاکی کوردی و منداڵی کوردی بەرامبەر بە مافەکانی دەردەکەوێت جا چ لە سنوری خۆیدا وەك مەحروم بوونی لە مەعریفە و زانین و هەستنەکردن بە باری خۆ بەرە و باشتر بردن و ڕۆشنبیری یان لە سنوری دۆخی خێزانی تاوەکو تاکێکی دەردەداری دەروونییمان نەبێت و پاشان بۆ ئاستێکی باڵاتر.

وەك ڕوونە هونەر گرنگییەکی باشی پێنادرێت لە خوێندنگە کوردییەکان و بەداخەوە پاڵنەری ئایینی و عەقڵێکی غەمگین و مەرگدۆستی ئایینیش زیاتر لێرە کاریگەری خراپی داناوە لەسەر بە تاپۆکردنی هونەر و بەرەو پشتەوە گەڕانەوە بۆ بەربەریەت و دەرنەبڕینی هەستەکانی منداڵ لە فەزایەکی هونەریدا.

تاکێك لەو بچووکیەیدا سەر لەبەری لێدەکرێت بە حەرام و تاپۆ نە پرسیارێکی گەورە و نە دەربڕینی هونەرێك ئەمە ئەوە نیشان ئەدات بەشێك لە ئەزمە و ناکاملییەکانی پەروەردەی ئێمە ئەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنی هونەر جا بە میوزیك و شانۆ و وێنەکێشان بێت، یان هەر جۆرێکی کە بێت! لە کەشێکی ئایینی وادا شێرەبەفرینە مشتومڕی لەسەرە، کە دروست بکرێت، ئایا حەرامە یان نا؟

چۆن ئەتوانین بە منداڵ بڵێین بنووسە و بکێشە هونەرمەندانە بدوێ لە بارەی ئەو هەستانەی شکاونەتەوە ناوت، تاکو تاکێك بیت سبەی ڕۆژ پەرگیر نەبیت، تاکو تاکێك بیت بەسوودتر و ڕۆشنبیربیت و هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەیت.

پەروەردەی هونەر وەك هەمووانەکانی تری خوێندن، کاریگەری هەیە لە ئامادەکردنی منداڵ و خەملاندنی بیرو باوەڕێکی کۆمەڵایەتی تەندروست، بۆیە دەبێت لەوە بگەین کە:

هەموکەرەستەکانی خوێندن بەرپرسە لە پەروەردەکردنی منداڵ، هەر کەرەستەیەکیش ئەرکێکی دیاریکراو و جیاوازی لەسەرە، کە جیاوازە لە کەرەستەکانی تر، بۆ نموونە:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پەروەردەی هونەر هۆكارێكە بۆ گەشەپێدانی ڕەفتاری منداڵ و ئاڕاستەكردنی بە لایەنی پەروەردەیی، لەبەر ئەوە تەنها لێكۆڵینەوە نییە لە ناساندنی كارامەییەكان، بەڵكو چالاكییەكی مێشكی و زیرەكیشە، هاندەری توانای داهێنانە لە نێو منداڵان و ڕێكخستنی بیر و هۆشیان و گرنگی پێدان و پلان دارێژەر و دەرخەری توانا هونەرییەكانیانە بە تایبەتی.

پەروەردەی هونەر گۆڕینی ڕەفتاری تاكە لە ڕێگەی لایەنە جۆراوجۆرەكانەوە، هۆكارێكە بۆ گەیشتن بە ناخی منداڵ و چالاكییەكانی. (الحيلة ٢٠٠٨، لا ١٠١)

وانەی پەروەردەی هونەر گەلێك ڕەفتار و هەڵسوكەوتی پەروەردە ئەنجام دەدات وەك:

**١-گەشەپێدانی باری سۆز و ویژدانی منداڵ:**

كاتێك منداڵان تێكەڵی كاری هونەری دەبن و كار دەكەن لەو بوارەدا، یارمەتی گەشەكردنی هەست و نەستیان دەدات، بەجۆرێك دەڵێین هەستیار و هەست ناسك نهێنییەكەی لەوەدایە، كە كرداری دروستكردنی بەرهەمی هونەری لە پێش هەمووشتێكدا، بریتییە لە هەست و نەست دەربڕینی حاڵەتێكی ویژدانی.

لێرەدا، منداڵ فێری یەكبوون و هاوبەشی ویژدانی یەكتر و بابەتەكانی ژیان و تێكەڵبوون لەگەڵ یەكتری و خۆشەویستی دەبن، دوور لە دووبەرەكی و گۆشەگیری، كە ئەمەش وێنەیەكی لایەنی هاوبەش و ویژدانی و هاوسۆزی كۆمەڵە، ئەوەش دروست ئەبێت لە نێو منداڵاندا لە ڕێگەی نێوان بەرهەمی هونەری و چێژ لێوەرگرتندا.

هیچ لەوەش خۆشتر نییە، منداڵێك كارە هونەرییەكەی تەواو دەكات و تابلۆكەی بەرز ئەكاتەوە بۆ مامۆستاكەی و پێی ئەڵێت: مامۆستا كارەكەم تەواو بوو، ئەمەش وا لەمنداڵ ئەكات هەست بە بوونی خۆی بكات و دڵشاد دەبێت.

**٢-مەشقپێكردنی ئەندامەكانی مرۆڤ و چۆنییەتی بەكارهێنانی بە شێوەیەكی بێسنور:**

پەروەردەی هونەر وا لە منداڵ ئەكات كێشەی جەستەیی نەمێنێ، چونكە پەنجەكانی چاوەكانی هۆشی، بیری، هەستی، هەموو ئەندامەكانی جەستەی بەكار دەخات بۆ ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی كارێكی هونەری منداڵ لە باخچەدا، هەتا قۆناغی دووی بنەڕەتیی چەند كێشەیەكی هەیە وەك:

**أ_ بارگرژی جەستەیی**

واتە: جەستەی منداڵەكە گرژە و ناتوانێ قەڵەم بەدەستەوە بگرێت و كاتێكیش قەڵەم دەگرێت نوكی قەڵەمەكەی زوو زوو ئەشكێنێت، یان پەڕەكە دەدڕێنێت و پیسی دەكات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، منداڵەكە ئەزموونی بەكارهێنانی نییە، بۆیە زۆر گرنگە بۆ مامۆستا، هێدی هێدی ئەم بارگرژییە جەستەییە، بڕەوێنێتەوە لە جەستەی منداڵەكەدا، بەهۆی كێشانی وێنە و كاری دەستی، هەر بۆیە ئەو منداڵانەی لە باخچە دەردەچن و دەچنە قۆناغەكانی تری خوێندن باشتر و چەلەنگترن لەو منداڵانەی قۆناغی باخچەیان نەبڕیوە، هەروەها ماسوولكەكانیان باشتر گەشەی كردووە.

**ب- بارگرژی بیر و هزر و هەست**

واتە: منداڵەكە توانای بیركردنەوەی قەتیس بووە، دەزانێت بەڵام ناتوانێت دەری ببڕێت، جا یان لە ڕووی دەربڕینی زمانەوانییەوە تەواو نییە، یان شەرم ئەكات، یان بارگرژی لەسەر مێشكی دروست بووە و ناتوانێت لە شوێن و كاتی پێویستدا بەگۆ بكەوێت، یان حەزناكات، یان توانستی گەشەی مێشكی سستە( پەیوەندی بە لایەنی بۆ ماوەییەوە هەیە)، بۆیە لە كاتی دواندن و گفتوگۆدا لەسەر مامۆستا پێویستە نەرمی بنوێنێت و پەلە پەل نەكات لەگەڵ منداڵەكان و هەلی گفتوگۆ بۆ ئەو جۆرە منداڵانە بڕەخسێنێت، بۆ نموونە: كاتێك لە منداڵەكە ئەپرسێت ئەوە چییە دروستتكردووە؟ منداڵەكە لەوەڵامدا ئەڵێت نازانم، لە هەمان كاتیشدا ئەزانێت چی دروستكردووە، بەڵام توانای دەربڕینی باش نییە، تا بتوانێت لە سەر بابەتەكە بدوێت، لەم كاتەدا منداڵەكە پێویستی بە هەلڕەخساندن و دوستكردنی وێنایە، لە نێوان مامۆستا و منداڵدا بۆیە پێویستە مامۆستا هەوڵبدات بۆگۆڕینی نازانم بۆ دەزانم – ناتوانم بۆ دەتوانم، بێگومان ئەم كارەش پێویستی بە خۆ ماندوو كردن

و هەوڵدانی مامۆستا هەیە، مامۆستا دەبێت ئەوە بزانێت هیچ کارێك بێ ماندوو بوون بەرهەمدار نابێت، لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر پێویستی بە سەرپەرشت و چاودێر و ئاڕاستەکەر هەیە، چونکە منداڵ ئەزموونی نییە.

**١-مەشقکردن لە کاتی کارکردن لەسەر تێکەڵبوون و هاوکاریکردن لە نێوان منداڵەکاندا:**

لە وانەی پەروەردەی هونەردا منداڵ حەزدەکات ئازادبێت لە پۆلدا بەدڵی خۆی لەم ڕیز بۆ ئەو ڕیز بجووڵێت.

کاتێك منداڵەکان کەرەستەی پێویستی کارکردنیان پێ نییە، پێویستە لە سەر مامۆستا منداڵەکان فێر بکات، بە کەرەستەی خۆیان هاوکاری ئەو منداڵانە بکەن، کە کەرەستەی پێویستییان بۆ کارپێکردن پێ نییە، جا ئەم کەرەستەیە قەڵەم بێت، یان هەر پێداویستییەکی تر.

ئەمجۆرە تێکەڵبوونەش بە تایبەت لە نێو پۆلدا گیانی هاوکاری لە ناو منداڵەکاندا دەڕوێنێت و هاوڕێیەتی توند و تۆڵ دروست ئەکات لە نێوانیاندا، بەتایبەت لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ناوپۆلدا.

**٢-کارکردن لە پێناو کاردا:**

منداڵ ڕادەهێنرێت چۆن کاربکات؟ چۆن کارە هونەرییەکانی ئەنجام بدات؟

ئەم بەرهەمانە زادەی بیری منداڵەکەیە و کەسانی تر خاوەنی نین، بەڵکو خاوەنداریێتی ئەگەڕێتەوە بۆ بیر و هزر و هەستی منداڵەکە، بەرهەمی هەبێت بەو مانایە نا، کە زۆری بەرهەم بێتە سەر لێشێوانی منداڵەکە، بەڵکو بەرهەمێکی پوخت و تەواو دەربڕین لە هەست و نەستی منداڵەکە بکات.

**٣-حەسانەوەی منداڵ لە هەندێ تاوگیری:**

کاری هونەری وا لە منداڵ ئەکات، هەستەکانی پەرش و بڵاو نەبێ و هۆشی لەسەر کارەکەی بێت، ئەمەش ئەبێتە هۆی جووڵاندنی هەمووهەستەوەرەکانی منداڵ لە یەك کاتدا و وا لە منداڵەکە دەکات هۆشی لەسەر کارەکەی بێت.

ئەمەش چەند سودێك بە منداڵەکە دەگەیەنێت وەك: تاو گیرییە دەروونییەکانی خامۆش دەکات، بارگرژی جەستەی ناهێڵێت، بیری منداڵەکە ئاسوودە ئەکات، توانای بیرکردنەوەی فراوان دەکات، ئارامی بە منداڵەکە دەبەخشێت و لە بێ ئارامی دوری دەخاتەوە ... دەرەنجام منداڵێکی هێمن و بیرتیژ و چەلەنگ بەرهەم دەهێنێت و بەرچاوی ڕوون دەبێت بۆ ژیان و ژینگەکەی. (عەلی ٢٠١٦، لا ١١٦-١٢٣).

## بەشی دووەم: چالاکی هونەری

## باسی یەکەم: پێناسەی چالاکی هونەری

چالاکی هونەری: دادەنرێت بە ئامڕازێك لە ئامڕازەکانی چارەسەرکردن و چارەسەرکردنی دەروونی وە لە هەمان کاتدا هاوکاری تاکەکان ئەکات لە ڕێی دەربڕینی ناگۆیی بە بەکارهێنانی ئامڕازگەلێکی دیاریکراو وەك داواکرانێکی ئازاد لە ڕزگارکردنی خەیاڵەکان و هەستە کەپتکراوەکان لە نێو تاکدا وە گۆڕینی ئەو خەیاڵات و هەستە کەپتکراوانە بۆ دەربڕینێکی هونەری بەرجەستەبوو.

هەروەها ئەتوانرێت بناسرێت وە بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستگەلێکی کەسی و دەروونی و چارەسەری، کە هاوکاری منداڵ بە گشتی و منداڵی باخچە بەتایبەتی ئەکات لە ئامادەکردنی چۆنیەتی هاوسەنگی لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەدا. (عبلة ١٩٩٩، لا ١٨)

مەبەست بە هونەر ئەوەیە، کە منداڵ لەگەڵ ناخی خۆیدا بکەوێتە کێبڕکێ بە شێوازی تایبەت بە خۆی، بەبێ هەبوونی زەبر و زۆر لە ژێر دەستەواژەی هونەردا هەمووپلان و جووڵە و ویستەکانی منداڵی تێدا جێگە دەبێتەوە.

هەروەها هەموو ئەو پارچە و هۆکارانەش لە خۆدەگرێت، کە منداڵ بۆ دەرخستن و نیشاندانی ناخی خۆی بەکاریدەهێنێت. (ف. القزاز ٢٠١٨، لا ٤). هەروەك چۆن چالاکی هونەری بەکارهێنراوە وەك ئامڕازێك، هەروەها وەک خاوەنی چەندین سوود بۆ ئەو نەخۆشانەی تووشی نەخۆشی ئەندامی بوون، یان ئەو نەخۆشانەی نەخۆشی ناتەواوی جەستەیی، یان دەروونی و هزرییان هەیە، یان بۆ ئەوانەی تەمەنیان زۆرە. (Nainis 2006، 2.31)

منداڵان بە سروشتی خۆیان حەزیان بۆ هونەر هەیە، ئەگەر هیچ دەرفەتێکیشیان نەبێت بۆ هونەر لە ژینگە و کۆمەڵگاکەیاندا، هونەر وەکو زمان وایە هۆکارێکە بۆ پەیوەندی و هۆکارێکە بۆ دەرخستنی ناخ و دەروون لە ڕوانگەی منداڵەوە، چونکە منداڵ بە شێوەیەکی سروشتی پاڵنەریان هەیە بۆ پەیوەندی بەستن، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی هەوڵی بەهێزکردنی ئەم لایەنە دەدەن، هەروەها هونەری منداڵ جیادەکرێتەوە بە زیندوویی و ئاسانی لە دەرخستن و دەربڕین و نیشاندانەدا.

هەروەها منداڵان لە کاتی جێبەجێکردنی هونەردا لاجێژێکی تایبەت دەبینن، چونکە دەرخەری هەست و سۆزیانە، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ منداڵ بۆ هەست کردن بە گرنگی کارەکانیان و شانازی کردن پێوەی، هەروەها بوارێکی ڕەخسێنراوە بۆ دەرخستنی ئەو هەستانەی کە ناتوانن بە زمان دەریبخەن. (ف. القزاز ٢٠١٨، لا ٤)

هەر لەو چوارچێوەیەدا (ئەحمەد جەمیل) پێناسەی چالاکی هونەری کردووە بە: دەستەبەرکردنی جۆرێك لە پێگەشتنە لە لای منداڵی باخچە لە ڕێی هونەرەوە بە دەرکەوتە جیاجیاکانی وەك گەشەکردن لە دیتنێکی هونەری وە لە داهێنانێکی هونەری وە لە جیاکردنەوەی جوانی و چەشتن و دەرککردنی هەروەها لە گوزارشتکردن لە شتەکان بە زمانی هێڵەکان. (عایش ٢٠٠٨، لا ٢٤)

هونەر بەشێوەیەکی گشتی گرنگیەکی زۆری هەیە بەدەر لەوەی هونەر هەوڵێك بێت، بۆ پەروەردە و فێربوون و بڵاوکردنەوە و پاراستنی کلتوور و شوناسی هەر گەلێك بێت هونەر کردەیەکی خالقیانە و دروستکەرییانەیە، مرۆڤی هونەرمەند باشتر لەو مرۆڤانەی سەروکاریان لەگەڵ هونەردا نەبووە لە جیهانی هەستی و خۆی ئەتوانێت تێبگات بەشێك لە گەورە ڕۆماننوسان گرنگیان بەکێشانی وێنەداوە لە پەرتووکەکانیاندا وە بەهەمان شێوە هونەر و کێشانی هێڵی و کێشانێکی سادەترین لە نێو جیهانی زانست هەبووە، ڕۆژگارێك هونەر پارێزەری مێژوو وە شێوازی ڕووداوەکانی مێژوو بووە، ئەمە بێجگە لەوەی هەر کردەیەکی ڕۆژانەی ئێستامان، کە پێی هەڵدەستین پەیوەستییەکی ئاشکرای بە هونەرەوە هەیە، جا لە پۆشاکێك، کە ئەیپۆشین، تاوەکوو کارێك کە ئەنجامی ئەدەین لە نێو کۆمپانیا و شوێنە قەرەباڵغەکانی کۆمەڵگەدا.

## باسی دووەم: گرنگی چالاکی هونەری:

چالاکی هونەری گرنگییەکەی وەرئەگرێت لە گرنگی دەربڕینی هونەر بەو چەشنەی، کە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی مرۆڤ وە لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ بیرۆکە و پەرچەکردار و هەستکردنی بە چەندین شێوەی جیا جیا دەردەبڕێت، وە گرنگی چالاکی هونەری بۆ منداڵ لە پێشترە و گرنگترە وە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی منداڵەوە بۆ هونەر بەشێکی زۆر کرداری هزری و دەروونی پەیدا دەکات بەو هۆیەی ئامرازێکە بۆ دۆزینەوە و قیاسکردنی لایەنی کەسایەتی منداڵ لە ڕێگەی هونەری و دەربڕینە ئازادەکانیانەوە. (ف. القزاز ٢٠١٨ ، لا ٤)

دەربڕینی هونەری بۆ منداڵ بریتییە لە پیشاندانی دیدگایان و ئەزموونیان بۆ ئەو شتانەی تووشیان بووە و نیشانیان دراوە وە ڕوویداوە بۆیان و ئەو حاڵەتانەی پێیدا تێپەڕیون ئەوان ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو کارلێکەرانەی، کە هەیە لە کۆمەڵگاکەیاندا. (ف. القزاز ٢٠١٨ ، لا ٤)

بەشێك لە هەڵە و هەڵەتێگەشتنی چالاکییە هونەرییەکان، کە لە قوتابخانەکاندا ئەوترێتەوە ئەمڕۆ وا وێنا بکرێت کردەیەکە مامۆستا منداڵی باخچە ی تێدا تەڵقین ئەکات، کە سروشت و ڕێگە دەستییەکان لە کێشان و کێشانەوەی سروشت و شێوازەکان فێرببێت، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە منداڵی باخچە نەریت و خۆیەکی خودی فێرببێت، کە ببێتە بەشێك لە کەسایەتی ئەو منداڵە وە ببێت بە پێکهاتە بنچینەییەکانی، چونکە ئەم خوانە گەشە ئەسەنن و پەرە ئەسەنن لەگەڵ منداڵی باخچەدا، ئەگەر لە کەشێکدا بوو ئازادی و تێگەشتن لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی کرداری هونەری، بەواتای پەروەردە لە ڕێگەی هونەرەوە، وە خستنەکاری ئەو زانراوانەی منداڵی باخچە فێری بووە لە ئەزموون و بنچینەی هونەری لە هەمووداواکارییەکانی ژیانیدا وە هەمووئەوشتانەی منداڵی باخچە پێی هەڵئەستێت.

(خەلیل عەلی) لە پەرتووکی "بنەماکانی پەروەردەی هونەر"دا باسی گرنگی و ڕۆڵی هونە ر ئەکات لە پەروەردەدا و ئەڵێت:

پەروەردەی هونەر، بەشداری ئەکات لەگەڵ وانەکانی تری خوێندن بۆ گەشەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و ئامادەکردنیان و ڕێنمایی کردنیان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبار ئاشکرایە، هەمووانەکانی خوێندن بەرپرسیارن لە پەروەردەکردنی منداڵ، وە بەرپرسیاری هەر

وانەیەك جیاوازە لە وانەیەکی تر.

دەربڕینی هونەری دادەنرێت بە ئامرازێکی گرنگ، کە لەم سۆنگەوە تاك و بەتایبەت منداڵی باخچە ئەتوانێت گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و هەناسەیەك هەڵکێشێت لە هەمبەر هەندێك لە کێشمەکێشمەکانی و کێشەکانی، جا کێشەکان هەستی بن، یان نەستی بن بە بێ ئەوەی پەنا بباتە بەرکردارەکانی سڕینەوە و لە قاڵبدان بۆ هەر شتێك، کە پێی وایە شیاو نییە بۆ گوزارشت دان وە منداڵ پەنا ئەباتە بەرگوزارشت کردن لە هەست و شعورەکانی بە شێوە و وێنەیەکی بەرجەستە و دەستلێدراو لە ڕێی چالاکی هونەرییەوە، کە ئەبێت بە ئامرازێکی زۆر چوست و چالاك بۆ چارەسەرکردنی نا هاوسەنگییە پەرچەکردارییەکانی وە ئەمەش بەهۆی خۆ خاڵیکردنەوە و هەڵرشتنی وزە و تاقە پەرچەکرداریيانە، بەجۆرێك، کە ئەتوانین لە سۆنگەی ئەمەوە ئەوە ببینین، کە منداڵ چۆن بیر ئەکاتەوە؟ هەروەها هاوکاری منداڵ ئەکات لە پەیوەستکردنی ڕووالەت و تایبەتمەندییەکان، کە ئەوانە هاوکاری ئێمەن بۆ ورد و خوردکردن و تێگەشتن لە نەفسییەتی منداڵ، هەروەها چالاکی هونەری بەکار ئە هێنرێت وەك شێوەیەك بۆ هەناسەدانێك و دەربڕینێکی هەستەکانی مرۆڤ وە بۆ دەربڕینی زانینەکان، هونەر بەشێوەیەکی گشتی هاوکارە بۆ ئازادکردنی نەفەس و شتە ناوخۆییە ڕاڕاییەکان و گرژییەکان و شکست و شکاوییەکان وە بۆ هەستە زۆر تەسك و نامۆکان و بۆ دڵەڕاوکێ و نا ئارامی.

ئیدی لێرەوەیە درك بەوە ئەکرێت لە ڕێی هونەرەوە منداڵەکە بۆشاییەکی قەرەبووکەرەوەی بۆ ئەدۆزرێتەوە و کار ئەکات بۆ دڵنیاکردنەوەی خودی منداڵەکە و توانای ئەوەشی پێ ئەبەخشێت لەگەڵ ئەوانی تردا لە پەیوەندیدا بمێنێتەوە.

## یەکەم: چالاکییە هونەرییەکان چارەسەری دەروونین بۆ منداڵانی باخچە:

چالاکی هونەری دادەنرێت بە ئامرازێك لە ئامرازەکانی چارەسەرکردن، بەچەشنێك کە دەرئەکەوێت هونەر بەشێکی گرنگە لە چارەسەری دەروونی، وە ئەمەش ئەبێت بەکاری مامۆستایەکی شارەزا لە چالاکی وەك دکتۆر لەو ڕێگەیەوە، کە حاڵەتی پەرچەکرداری و دۆخی منداڵەکە دیاریبکات وە پاشان دەست بکات بە چارەسەرکردنی بنچینەیی دۆخی منداڵەکە.

## دووەم: چالاکییە هونەرییەکان هۆکارێکن بۆ دیاریکردنی کەسایەتی منداڵی باخچە( تەشخیص):

چارەسەرکەرانی هونەر لە بنەچەوە گرنگی ئەدەن بە وەرگرتنی دەربڕینی هونەری بۆ کارکردن بەو پێیەی، کە ئەو کردەیە کردەیەکی ڕەمزی و تەلیسماوییە، وە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خاوەنەکەیەتی، هەروەها ڕەنگدانەوەی پاڵنەرەکانی و ململانێکانی و پێداویستییە تایبەتەکانییەتی. هەروەها هەستەکانی و پێزانینەکانی و لایەنەکانی و پەیوەندییەکانی بە ژینگە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکەی، هەروەك چۆن چالاکی هونەری پشتگیری بەکارهێنەر ئەکات لە تێگەشتنێکی خودی لە نیشانەکانی دەربڕینی و درك بە کەینونەی خۆی ئەکات لە ڕێی ئەم دەربڕینەوە.

## سێیەم: چالاکی هونەریی وەك ئامرازێك بۆ دانان و خاڵیکردنەوەی منداڵ بە گشتی و منداڵی باخچە بە تایبەتی:

منداڵ بەشێکی زۆری ترس و حەزە چەپێندراوەکانی دادەنێت و لێی قوتار ئەبێت لە کاتی دەربڕینە هونەرییەکانیدا ئەمەش ئارامییەکانی دەروونی و هاوسەنگییەکی بۆ دەستەبەر ئەکات، چۆنکە ئازادە و ڕزگاری بووە لە هەندێك لەو شتانەی چەپاندوویەتی لە نێوخۆیدا و ئەمە تووشی قەڵەق و ڕاڕایی ئەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## چوارەم: چالاکی هونەری و کاریگەرییەکانی لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵانی باخچەدا:

بەڕاستی هونەر هەرچەندە شێوازەکانی بگۆڕدرێت و ڕێگەکانی بگۆڕدرێت هیچ شتێك نییە بێجگە لە ئامرازێك لە ئامرازەکانی دەربڕینی دەروون و خود بە هەموو ئەوشتانەی لە خۆی ئەگرێت لە هەست و هزر و ئەزموونانێک دەبنە هۆکاری فێربوونی بەشێکی زۆر لە مەعریفە و زانین و ڕەوشتی باش کە هاوکار ئەبێت لە گەشەسەندنی دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتی. (الهنيدي ٢٠٠٦، لا ١٤)

بۆیە ئەزموونکردن و ئەنجامدانی چالاکی هونەری سوودێکی زۆر گەورەی هەیە بەچەشنێك زۆر گرنگەکانی لەم خاڵانەدا ڕوون دەبێتەوە:

بەشداری چالاکی هونەری لە جێبەجێکردنی وەبەرهێنانی گشتی بۆ کردەی پەروەردەیی ئەمەش ڕوون ئەبێتەوە لەو دیدگایەوە، کە ئەبینین پەروەردە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی دروستکردنی تاکێکی چالاك و کامڵ لە هەمووڕووەکانەوە، ئەمەش نایەتەدی مەگەر لە سۆنگەی گشت وانەکانی خوێندنگەوە نەبێت، بە هاوسەنگی هەمووانەکان هەڵئەستن بەم پرۆسەیە.

لێرەدا چالاکی هونەری ئەرکەکەی خۆی وەرئەگرێت وەك هەر بەشێکی تر لە وانەکانی خوێندن و پێکەوە هەوڵی گەشەیەکی درووست ئەدەن بۆ توانا جەستەیی و هزری و ویژدانی و ڕەوشتەکانی بەتایبەت منداڵانی باخچە، لەو ڕووەشەوە، کە چالاکی هونەری کاریگەرییەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای هەیە لەسەر کۆمەڵێك ڕەوشت و توانای منداڵی باخچە بێجگە لە پەروەردەیەکی تەندروست منداڵی باخچە سوودمەند ئەبێت لە :-

١-بەرەو پێشبردنی توانای دەربڕین بە زمانی کێشان و هونەر.

٢-بەرەوپێشبردنی لایەنی ویژدانی منداڵی باخچە، بەچەشنێك مرۆی هونەرمەند مرۆیەکی زۆر بەهەست و شعورە و لە زۆر پەرگیری خراپ بەدوورە.

٣-بەرەو پێشبردنی توانای منداڵانی باخچە لە تێبینیکردنی ورد و سەرنجدان.

٤-پتەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان.

٥-وەرگرتنی چەندین هونەر و شێوازی فێربوون.

٦-بەکارهێنانی چالاکی هونەری لە وانەکانی تردا.

٧-چاندنی ڕۆحیەتێکی داهێنەرانە، گەر منداڵی باخچەمان هەبێت ڕۆحیەتێکی پڕ لە هونەر و تاقیکاری هەبێت و پڕبێت لە خەیاڵ بێگومان ئێمە لەداهاتوودا تاکێکیان ئەوێت عاشق بە مەعریفە و زانین و خەیاڵ وەك دایکێك بۆ خودی داهێنانەکان و مەعریفە یە، توانای وانەی هونەر لە جوڵاندنی خەیاڵی منداڵی باخچە زۆر زیاترە لە وانەکانی تر بەو هۆیەوە منداڵ خۆی سەرپشکە لە خەیاڵکردن و وێنەکێشان و شێوە پێدان، هیچ ئەرکێکی لەسەر نییە، کە ڕستەیەك، یان ژمارەیەك ئەزبەربکات.

٨- کەڵك وەرگرتن لە کاتە بەتاڵەکانی منداڵانی باخچە.

٩-پشتگیریکردنی منداڵانی باخچە و هاندانی زیاتر بۆ دەربڕینی هەستە چەپێندراوە نەوتراوەکانیان، چونکە زمانێکی ڕەمزییە و هەمووان تێ ناگەن هۆکارێکە بۆ ئازادییەکی زیاتری منداڵ و قوتابی.

## باسی سێیەم: بوارەکانی چالاکی هونەری

چالاکی هونەری لە بواری خۆیدا شێوازێکی گرنگ ئەگرێتەبەر بۆ منداڵان و بە تایبەتی ئەوکۆمەڵەیەی، کە هەندێك ڕەوشتی نا تەندروستیان لێ دەرئەکەوێت وەك شەڕەنگێزی و خراپەکاری و هەراسانکردنی منداڵانی تر و هەست بە دەروون شێواوییان ئەکرێت بە جۆرێك، کە لایەنی جێبەجێکردنی کردەیی، بواری وێنە کێشان و ڕەنگکردن و بواری هونەری دیزاینکردن بە شێوەیەکی گشتی بوارەکانی چالاکی هونەری لەخۆ ئەگرێت و ئەوەی، کە لە ژێر ئەو وێنەکێشانەدایە، یان هەر چالاکییەکی تری هونەریدایە لە یەکەی وانەیی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی لایەنەکانی داهێنان و دۆزینەوە و پەروەردەکردنێکی دروست و بەرەوپێشبردنی کارامەیی و بە بنچینەییکردنی لایەنەکانی چوونە ڕیز و ئینتیما و

پاککردنەوەی ڕەوشتی مرۆیی لە شەڕەنگێزی و خراپەکاری و ڕاستکردنەوەی ڕەوشت لە ڕێی پێکەوە ژیان لەگەڵ کانزاخاوەکانی ژینگەکەی و بەکارهێنانی ئامرازەکان بۆ گۆڕینی توانا مرۆییە هونەرییەکان بۆ کەتوارێکی دەستلێدراو و ئەزموونکراو، کە ئەرزشی هەیە لەڕووی هونەری و جوانییەوە.

ڕەنگە ئەرکی بنەڕەتی خوێندنگە و ڕێبازەکانی پەروەردەکردن لە ئەم بوارەدا بریتی بێت لە جوڵاندنی ڕەوشت بۆ داهێنان و ئەم جووڵەیە ڕوونادات، مەگەر ئەو تێبینیانەی مامۆستا لە باخچە ئەیبەخشێتەوە جۆراوجۆر نەبن و لەخۆگری زانیارییانێك نەبن، کە لە دەزگای دەماری منداڵ جۆرێك لە چالاکی کاریگەر دروست نەکات، تا دووری بخاتەوە لە سستی و دەبەنگی، یان توندڕەوی و جموجووڵی زیادە. (صالح ٢٠٠٧، لا ٩٥)

وای ئەبینین، کە ئەرکی جەوهەری بۆ باخچە بریتی بێت لە قووڵکردنەوە و دروستکردنی ئامادەییە داهێنەرەکانی منداڵی باخچە، یان هاندانی چالاکی داهێنەرانە لە نێویدا.

منداڵانی باخچە لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئەنجامی ئاوێتە بوونیان لەگەڵ ژینگەی باخچە و دەوروبەری دەرەوەیان بەدەست دێنن، هەر ئەزموونێك خاوەنی قەوارەیەکی گشتییە، کە لە خۆگری کۆمەڵێك هاوکێشەی پەیوەندیدارە و ئەکرێت هەر ئەزموونێك جیابکرێتەوە بە سروشتە جوانییەکەی و ئەگەر دڵنیابووینەوە لە کاتی چالاکی  دەستخستنی ئەزموون بە سروشت و ڕوواڵەتێکی جوانی، ئەوە لەجێی پەروەردەیەکی گشتگیرە و لەم دۆخەدا دەرئەچێت لە ژینگە تەسکە تایبەتەکەی بۆ قەوارە گشتییەکەی، ئەوەی کە ڕۆئەچێت لە نرخی شتەکان جا هەرچەندە ڕووکەشەکەشیان جیاواز بێت. ( البسيوني ١٩٩٣، لا ٥٦)

لە ڕێگەی ئەم بوارانەوە ئەبینین، کە چالاکییە هونەرییەکان پشکدارن لە کرداری ئاڕاستەکردن و ئامادەکردنی منداڵ بەگشتی و منداڵانی باخچە بەتایبەتی بە ئامادەکردنێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، ئەمە بەشێکە بەهیچ جۆرێك جودا ناکرێتەوە لە کرداری پەروەردە و مەبەستی هەر بەرزی پەروەردەیە، کە بریتییە لە ڕێنمایی کردنی منداڵی باخچە لە ڕووی  پەروەردەیی و زانستی و هونەری بۆ خزمەت کردن و ئامادەکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تێیدا ئەژین.

پەروەردەکردن لە ڕێگەی هونەرەوە داواکارە لە منداڵانی باخچە بەوەی هەستی جوانی پەیدابکەن و بەهرەی تێبینی کردن و لێوردبوونەوە بەهێز ببن و پاڵپشتی توانای ورد لە دەربڕینی هونەری و دەوڵەمەندکردنی خەیاڵ لەلایان هاوکارەکانیانەوە لە وەچنگ خستنی بەشێکی زۆری ئەزموونی زانستی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و هونەری، هەروەك چۆن لە دەروونیاندا هەستی نموونەیی و هەستی جوانی پەرە پێئەدات، ئەمە ئەوەیە کە ئەمانەوێت تێیبگەین لە ڕێی ئەم پێکهاتانەی خوارەوە:-

## بەشی سێیەم: باخچەی منداڵان و پاڵنەرەکانی منداڵی باخچە بۆ هونەر و چالاکییەکانی و جۆرەکانی:

### باسی یەکەم: باخچەی منداڵان:

گرنگیدان بە منداڵ گرنگیدانە بە ئێستا و داهاتووی، قۆناغی ساڵانی پێنجەمی سەرەتای تەمەنی مرۆڤ لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و ڕۆشنبیر ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە گرنگی ئەم قۆناغە دەزانێت، هەربۆیە لە نێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گرنگییەکی تایبەت بەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤ دادرێت، هەروەها بووەتە جێگەی گرنگی پێدانی توێژەران و لێکۆڵەران لە بواری منداڵدا، چونکە ئەزموونی ئەم ساڵانەی سەرەتای ژیان دەمێنێتەوە لە بنیادنانی داهاتوودا.

باخچەی منداڵان دروستکراوی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو کۆمەڵگاکان بە تێپەڕبوونی چەندەها سەردەم گرنگیان داوە بە پەروەردەی منداڵ و چاودێریکردنیان و دابینکردنی مافەکانیان، هەروەها چەندەها دەق و ماوەی کۆمەڵگا و شارستانییە کۆنەکان ئاماژە بۆ هەبوونی ئەم خێوەتگەیە دەدەن، بۆ نموونە:

_لە یاسای "حامورابی"دا لە مادەی "١٤"و "١٩" دا هاتووە، کە ئەگەر منداڵ "کوڕ" بوو، ئەوا سێ بەشی سەروەتی باوکی دەدرێت بە دایکی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و دایکی ڕادەسپێردرێت بە پەروەردەکردنی.

_هەروەها لە "میسری کۆندا" هاتووە، کە وتراوە: ئەگەر منداڵێکی کوڕت هەبوو، ئەوا بە بەخششی خودای بزانە و هەمووشتێك بکە بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی جێگیر بۆی.

_هەروەها لە نیوە دورگەی عەرەبیدا گرنگی دراوە بە پەروەردەی منداڵ و لە سەرەتای تەمەنییەوە دایك پەروەردەی کردووە، منداڵانی خاوەن پێگەی خێزانی نێردراونە گوند و لادێکان بۆ پاراو بوونی زمان و بیرکردنەوەیەکی ساف و بێ خەوش.

_هەروەها پاش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، یاسا و ڕێسای تایبەت بە پەروەدەکردنی منداڵی داناوە و هەر لە پێش لەدایك بوونیەوە گرنگی دراوە بە هەڵبژاردنی دایکێکی نموونەیی و پاشانیش دایك، تا تەمەنێکی بچووکی ڕاسپێردراوە بە پەروەردەکردنی و لەسەر باوکی منداڵ پێویست کراوە، کە بژێوی ژیان بۆ دایك و بۆ منداڵەکەشی دابین بکات.

_لە وڵاتانی ڕۆژئاواش یەکەم بەندی دانان بە مافی منداڵ لە ساڵەکانی ١٩٤٢ و ١٩٤٨ و ١٩٥٩ و ١٩٧٩ دا دانراوە.

_لە نێوان ساڵەکانی ١٨١٠ زایینی تاکو ١٨٣٠ دایەنگەی تایبەت بە بەخێوکردنی منداڵ دروستکراوە لە بەریتانیا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا.

_هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ئەڵمانیا یەکەم باخچەی منداڵان بنیادنراوە لەسەر دەستی "فروبل"، کە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەکردنی توانا و کارامەییەکانیان.

_یەکەم باخچەی منداڵانیش لە لەندەن لە ساڵی ١٩٠٩ بنیادنراوە. (فارس ٢٠٠٦، لا ٦-٨)

باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ چاودێری کردنی منداڵان، باخچەی منداڵان کار دەکات لە ئاراستەکردنی منداڵان و نیشاندانی بەها ڕەوشتییەکان، کە یەکدەگرنەوە لەگەڵ بەها و کلتووری کۆمەڵگەدا، هەروەها دەرخستنی تواناکانی منداڵ لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.

هەروەها باخچەی منداڵان پێناسە کراوە بەو دامەزراوە پەروەردەییانەی، کە تایبەتکراوە بە پەروەردەی منداڵانی بچووك، کە تەمەنیان لە نێوان چوار بۆ شەش ساڵاندایە، و جیادەکرێنەوە بەو چالاکییە جۆراوجۆرانەی کە ئامانجیان پەروەردەکردنی منداڵانە لەسەر بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی دەرفەتە بۆ ناسینی خود و دەرخستنی ناخ و دەروونیان و ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی کار و ژیان پێکەوە لە ڕێگەی یاری ڕێکخراوەوە. (شحاتة و النجار ٢٠٠٣، لا ٢٥٤).

باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، کە بۆ منداڵ بنیادنراوە بە مەبەستی نیشاندانی هونەری ژیان، ڕۆڵی تەواوکردنی ماڵ و ئامادەکردنی منداڵە بۆ قوتابخانە، کە چاودێری تەندروستی بۆ دابینکراوە و پێداویستی گەشەکردنی بۆ دانراوە و پێداویستییەکانی ژیانی پڕ کراوەتەوە.

هەروەها دەرفەتی یاری کردنی جۆراوجۆری بۆ ڕەخسێنراوە، لایەنی بەهێز و کارامەیی منداڵەکە دەدۆزرێتەوە و کاری لەسەر دەکرێت بۆ زیاتر گەشەکردنی و پەرەپێدانی. (قناوي ٢٠٠٨، لا ٣٠)

باخچەی منداڵان یەکەم دامەزراوەیە، کە منداڵ دەچێتە نێو پرۆسەکەیەوە لە ساڵەکانی نێوان (٤بۆ٦) هەمووئەو چالاکی و کار و تێکەڵ بوونانە وەردەگرێت، کە پێویستی دەبێت لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لە ڕێگەی چەندین چالاکی پرۆگرام بۆ دارێژراوەوە پەرە بە تواناکانی منداڵان دەدرێت. (مطاوع ٢٠١٢، لا ١٢)

هەروەها باخچەی منداڵان هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی زیهنی و زمانی و جووڵەیی و هەستی، هەر بۆیە فەلسەفەی باخچەی منداڵان لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ منداڵاندا خۆی دەبینێتەوە بە مەبەستی گەشەکردنی تواناکانی و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕێگەی هەندێك چالاکی هونەری و پەروەردەیی.

**لە گرنگترین ئامانجەکانی بونیادنانی باخچەی منداڵان:**

١-چرکردنەوەی گرنگیپێدانی لایەنی چالاکی منداڵ و هەست و جووڵەی، وەکو لۆژیکی هەمووفێرکردنێك لەم چالاکیانەوە بونیادی منداڵ لە ڕووی هەست و وێنای مێشکی لەسەر شتەکان بۆ دروست دەبێت کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات لە کۆمەڵگەدا.

٢-بونیادنانی منداڵێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامادەکردنی چالاکی گروپی، کە لە شێوەی دەستە و گروپ: کار و فرمانەکان بەجێدەگەیەنن.

٣-گەشەکردنی منداڵ لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی بنەما سایکۆلۆجیەکانی فێربوونەوە.

٤-پەرەپێدانی بیر و هۆشی منداڵ. (فارس ٢٠٠٦، لا ٣٨).

دەکرێت بڵێین ئامانجی باخچەی منداڵان گەشەکردنێکی گشتگیر و تەواوکار و هاوسەنگە لە کەسایەتی منداڵ لە گشت ڕەهەندە جیاوازەکانی (جەستەیی، کۆزانیاری، سۆزداری)دا ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی، کە لە بنەڕەتیدا سروشتی مرۆڤ سروشتێکی نەرم و نیانە، ئەگەر هەلی گەشەکردنی بۆ برەخسێنرێت، کەواتە بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە ژینگەکەی دەبەسترێتەوە و کاریتێدەکات و کاریتێدەکرێت.

کە منداڵ لە دایك دەبێت کۆمەڵێك توانا و ئامادەباشی تێدایە بۆ فێربوون و گەشەکردن لە میانەی کارلێکی لەگەڵ ژینگەی گشتیدا، کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی منداڵ تێردەکەن، سەرەڕای ئەوەی، کە تواناتی هەیە، لەم قۆناغەدا جیاکاریکات لە نێوان ئەو وروژێنەرانەی پێداویستییەکانی تێردەکەن و ئەوانەی کە تێرنابن، ئەوەیان هەڵدەبژێرێت، کە خۆی پەسەندی دەکات، ئەمەشیان لە میانەی ئەو چالاکییانەی، کە مامۆستای منداڵی باخچە دەستەبەری دەکات.(حەمید و ئەوانی دیکە، ٢٠١٨، لا ٣).

**باسی دووەم: پاڵنەرەکانی منداڵی باخچە بۆ چالاکی هونەری:**

ئەگەر بمانەوێت پاڵنەرەکانی پشتی حەزی منداڵی باخچە بزانین لە کێشانی وێنە و کردەی هونەری، یان بەزمانێکی تر بۆچی منداڵان چالاکی هونەری و وێنەکێشانیان هەیە، ئەبێت بەوردی ئەوە بزانین مرۆڤ هیچ شتێك ناکات، مەگەر پاڵنەرێکی نەبێت و ڕەوشتی مرۆیی لە زۆرینەی کاتەکانیدا ڕەوشتێکی ئاڵۆزە، جا ئەم پاڵنەرانە بۆ کردنی هەر کارێك پاڵنانێکی ئاگایانە بێت یان نائاگاییانە، ئەتوانین پێناسەی پاڵنەر بکەین بەوەی حاڵەتێکی دەروونی خودییە لە نێو بوونەوەری ئەندامیدا – بایەلۆجی و فیسیۆلۆجی یان دەروونی و کۆمەڵایەتی- کە ئەم پاڵنەرە حاڵی وایە ڕاڕای ئەکات و هاوسەنگی تێك ئەدات، پاشان ئەیجوڵێنێت لە بەردەوامیدان بە چالاکییەکانی بۆ لایەنێکی دیاریکراو ئەمەش لە بەر ڕازیکردنی پێویستییەکەی، یان بۆ بەجێهێنانی حەزەکەی و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی.

مرۆڤ یان ئاژەڵ کاتێك هەستی بە برسییەتی کرد حاڵەتێکی لە لا دروست ئەبێت لە ڕاڕایی و نەمانی هاوسەنگی، کە پاڵی پێوە ئەنێت بۆ هەستان بە چالاکییەك ڕووە و ئامانجێکی دیاریکراو ئەویش بریتییە لە خواردن بە جۆرێك، کە چالاکییەکانی ناوەستێت، مەگەر بەگەشتنی بەو پێداویستییە، و پڕکردنی پێویستییەکەی لێی و گەڕاندنەوەی هاوسەنگییەکەی، ئا ئەوەی ئەوترێت دەرهەق بە مرۆڤ لە کات و ساتی برسییەتیدا ئەوترێت بەهەمان شێوە دەرهەق بە ڕەوشت و کردەی خوێندکار لە جدییەت و بەردەوام بوونی لە وانە و بەچنگ خستنی و گەڕان بۆی و پاڵی پێوە ئەنێت بۆ سەرکەوتن و بۆ حەز و ویستەکانی تا سەرکەوتن. (القرطي ٢٠٠١، لا ١٨)

ڕەفتار بەشێوەیەکی فراوان و ڕەفتار بەشێوەیەکی تەسکتر لە ڕەفتاری هونەری دەرناچن لەوەی، کە دیاردەیەکی سروشتیین، هەر بۆیە ناکرێت پەسەند بکرێت بەوەی ڕەفتارێکی " هەر لەخۆوەییە" بەڵکو وەك هەر دیاردەیەکی تری سروشتی، ئەبێت دان بەوەدا بنێین، کە هۆکارانێکی پێویست بۆ دروستبوونی هیچ گومان لەوەدا نییە، کە ڕەفتاری مرۆیی و هەتا بچووکترین بوونەوەر ڕەفتارێکی پاڵنراوە، هەمووڕەوشت و ڕەفتارێک ئەبێت لە پشتییەوە پاڵنەرێك هەبێت وە هەر ئەبێت، کە مەبەست و ئامانجێک هەبێت، کە هەوڵ و تەقەللای بۆ بدات وە هیچ ڕەوشتێک نییە بە بێ پالنەر، یان بەبێ مەبەست لە ڕاستیدا، ئێمە هەندێجار یەکێك ئەبینین، کە بەجۆرێکی بێواتا و بێ پاڵنەر و بێ مەبەست کردەکانی دێنە بەرچاومان ، وە لەم کاتەدا تووشی شکست دەبین لە ناسینی ئەو پاڵنەرەی، کە پاڵی پێوە ئەنێت بۆ کردنی ئەو ڕەفتار و ڕەوشتانەی، هەتاوەکو جاری وا هەیە خودی مرۆڤ خۆی وا ئەبینێت، کە ئاگایی نییە بۆ ئەو پاڵنەرەی، کە ئەیجوڵێنێت، یان وەك


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەندێکجار ئەڵێین:

ئا ئەم ڕەوشتە ئەجووڵێت بەهۆی پاڵنەری نەستیی( اللاشعوری)یەوە، وە بۆ ئەوەی لە کردەی هەر تاکێك تێبگەین، پێویستە مەبەستەکانی و ئامانجەکانی بزانین و بزانین ئەو پاڵنەرانە چین، کە پاڵیان پێوەناوە بۆ ئەم دۆخە؟ (العزیز ٢٠١٤، لا ٦٧)

لەو ڕووەشەوە (خەلیل عەلی) ئەڵێت: پاڵنەر بریتییە لە هەستێکی ناوخۆیی بایەلۆجی فیسۆلۆجی، یان لە ڕێگەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، یان لە ڕێگەی وروژاندن و جوڵاندنی ڕەفتار بۆ بەردەوامی چالاکییەکان. (عەلی ٢٠١٦، لا ٣٩)

پاڵنەرەکان دابەش ئەبن بۆ :-

١- پاڵنەری بایەلۆجی: کە دروست ئەبێت لەخودی خۆیدا بە بنچینەیەکی فیسیۆلۆجی، وە فێربوون شتێکی جەوهەری تێدا ناگۆڕێت، هەروەك چۆن فێربوون سەرناکێشێت بۆ هەڵپەساندنی و لە نموونەکانی پاڵنەرەکانی پارێزگاریکردن لە ژیان وەك پاڵنەری خواردن و پاڵنەری خواردنەووە و پاڵنەری هەناسەدان و پاڵنەرەکانی پاراستنی مانەوەی چەشن وەك پاڵنەری جنسی و پاڵنەری ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگە وەك پێویستییەك بۆ ڕاکێشانی هەست.

٢- پاڵنەری کۆمەڵایەتی(اجتماعی): ئەمەش ئەو پاڵنەرانەن، کە تاکێك فێری ئەبێت لە کۆمەڵگەکەی و کلتورەکەی بە ڕێگەیەکی مەبەستدار، یان بێ مەبەستە لە نمونەکانی وەکو پاڵنەری ڕێزی کۆمەڵایەتی و پاڵنەری دەربڕینی خود و جێ قایمکردنی خود لە نێو کۆمەڵدا. (القرظي ٢٠٠١، لا ١٩)

پاشان زانایان وشەی پێویستی need""یان بەکار هێناوە بۆ پاڵنەرەکان، وەك پێویست بوون بە هەر شتێك، کە بتوانرێت تێرکردن و ڕازیبوون و ئاسوودەیی بدات بە بوونەوەرەێکی زیندوو و پێویستی بۆ شتێکی گرنگ، یان لەبەر ئەوەیە خودی ژیان بەرقەرار بێت و جێگیر ببێت( پێویستی فیسیۆلۆجی)، یان پێویستییە بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانێکی شایستەتر و باشتر بژێیت( پێویستی دەروونی) و پێویستییەکان ڕەفتاری مرۆڤ ئەجوڵێنن بەرەو گەشتن بە تێرکردنیان و لە نموونەی پێویستییە فیسیۆلۆجییەکان بۆ تاك وەکو پێویستی بە هەوا و خواردن و ئاوە، وە لە نموونەی پێویستییە دەروونییە بنچینەییەکان وەکو پێویستییە بۆ خۆشەویستی و ڕێز و قبوڵکردن و ئاگاداربوونی دایك و باوك، و ڕازیکردنی گەورەکان و ڕێز و ئەرزشی کۆمەڵایەتی و خاوەنی پلەوپایە و داننان بە ئازادی و قبوڵکردنی دەسەڵات و ئاسایش و ئامۆژگاریکردن و بەرچاو ڕۆشنکردنەوە بۆ ئەم مەبەستە (ماسلۆ)Maclow" "ڕێکخستنێکی هەرەمی داناوە بۆ پێداویستییەکان لە ژێری ژێرەوە ئەبینین پێداویستییە فیسیۆلۆجییەکان هەیە وە بەدوای ئەوەدا پێداویستی ئاسایش هەیە، پاشان پێویستی بۆ خۆشەویستی و کارلێککردن و پاشان پێویستی بۆ ڕێز و بوونی ڕێزی کۆمەڵایەتی، لە کۆتایی هەمووئەم پێویستییانەدا پێویستی سەلماندنی خود هەیە و لە کۆتایی هەرەمەکەدا هەست ئەکەیت پێویستییە جوانکارییەکان هەیە و ئەوەی تێبینی کراوە ڕۆشتنی تاکێك لە پێویستییەکەوە بۆ پێویستییەکی تر ئەنجام نادرێت، مەگەر یەکەم پێویستی تێربکرێت، پاشان پێویستییەکانی تر بەدوایدا دێن. (العزیز ٢٠١٤، لا ٦٩)

زۆر گرنگە، کە پاڵنەرەکانی منداڵ بزانین و پێداویستییە دەروونییەکانی، بەو پێداویستییە جوانکارییانەشی، کەهەیەتی و پێداویستی بۆ دەربڕینی هونەری، ئایا تێر و پڕکراوە یان نا؟

ئەی مەودای تێرکردنی و چۆنییەتی ڕێگەی تێرکردنی، ئایا لە ڕێگەیەکی دروست و ڕێکەوەیە یان لە ڕێگەیەکی نادروست و نارێك؟

چونکە تێر و پڕکردنی پێداویستییە کەسێتییەکان گرنگن بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدی هاوئاهەنگییەکی دەروونی و دەروونندروستی و لەمەی ئێمە باسی ئەکەین گرنگترین پاڵنەرە هونەرییەکانە لە لای منداڵ لە ڕێی ئەزموونی نووسەرەوە، بە دان پێدانانی تێرکردنی پاڵنەرە پێشووەکان لە فێرکردندا بەگشتی و لە فێرکردنی هونەردا بەتایبەتی. (العزیز ٢٠١٤، لا ٧٠)

یەکەم: تێرکردنی هەستەجووڵەیی ( الحاسحركي)

منداڵ لە ساڵانی سەرەتاییدا لە چالاکییەکانیدا پشت ئەبەستێت بە هەست- جووڵەیی بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی لە تێگەیشتن لە ژینگەکەی و کەشف و دەرککردنی جیهانی دەور و بەری، بە جۆرێك منداڵە شیرەخۆرەکە ئەتوانێت بە کردارەکانی چاوی باشتر لە کردارەکانی دەستی

هەست بکات. (القرظي ٢٠٠١، لا ١٩)

منداڵ لە ساڵانی یەکەمیدا پشت بە چالاکییە هەستە جووڵەکانی دەبەستێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی و شارەزابوون لە ژینگەکەی و ناسینی دەوروبەرەکەی.

دەربڕینە سەرەتاییەکانی منداڵ هێڵکاری نارێکن و لای منداڵ سەرچاوەی چێژ لێوەرگرتنن، ئەمەش وادەکات گەشە بە کۆنترۆڵکردنی جووڵەکانی بدات لە لایەك و لە لایەکەی ترەوە، پاڵنەرەکانی تێر بکات، بۆیە پێویستە:-

١. دەوڵەمەندکردنی ژینگەی منداڵ بە هەمووجۆرەکانییەوە، بەتایبەت ئەوانەی بە چاو دەیان بینێت و ئەوانەی دەستیان لێدەدات.

٢. ئامادەکردنی ئەو کەرەستە و پێداویستییە سەرەتاییانەی پێویستن بۆ وێنەکێشان و یاریکردن.

٣. ڕەخساندنی کەشێکی لە بار بۆ منداڵ، تا ئارەزووەکانی تێربکات لە یاریکردن و دۆزینەوەی نوێ و هەستەکانی خۆی بە ئازادی دەربڕێت. (عەلی ٢٠١٦، لا ٣٩)

## دووەم: یاری وەك پاڵنەرێکی هونەری دەربڕین:

یاریکردن وەك پێویستییەکی دەروونی پۆلێن ئەکرێت لەژێر پێویستی گەشەسەندنی جەستەییدا، شێوەی ئەم پاڵنەرەش هەروەك پاڵنەرەکانی ترە بۆ خواردن و خواردنەوە و پێویستی بۆ دەربازبوون بۆ ئەو شتە زیادانەی نێو مرۆڤ و پێویستی بۆ خەو و ئاسودەیی.

یاری بە پەسنێکی گشتی بریتییە: لە هەر سلوکێك، کە تاك پێی هەڵئەستێت بەبێ مەبەستێکی زانستی پێشوو تیۆرەکانی یاری هەوڵئەدەن شیکاری ئەوەبکەن کە بۆچی پێویستە هەموو کەسەکان لە هەمووئاستەکانی تەمەندا یاری بکەن؟

تێیدا تیۆری وزەی زیادە دەبینین، کە وا یاری وێنا ئەکات، کە هەناسەدانێکی گرنگی و پێویستییە بۆ ئەو وزە زیادەیەی، کە هەیە لە لای تاکێك و منداڵێک.

تیۆریەیەکی تر هەیە تیۆریەی غەریزەییە، کە وا ئەبینێت یاری کردن لە بنچینەوە پشت ببەستێت بە بنچینەیەکی غەریزەیی، ئەوەش چالاکییەکی گرنگە بۆ مەشقکردن و پاککردنی غەریزەکان و پاڵنەرەکان وەك غەریزەی کوشتاری و ڕق و ڕقکاری.

تیۆری خۆخاڵیکردنەوە، کە "ستانلی هۆڵ" پێی وایە ڕەوشت بەشێوەیەکی گشتی جموجوڵی منداڵ لە یاریدا مێژووی جنسی مرۆیی پوخت و کورت ئەکاتەوە.

تیۆرێکی دی هەیە، کە تازەکردنەوەی چالاکییە بە کاتبەسەربردن و یاریکردن وەك شتێکی گرنگ دوای ماندوو بوون و هەوڵدان لە کار. (العزیز ٢٠١٤، لا ٧١)

## سێیەم: پاڵنەری دەربڕینی خود " Self expression":

یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ بریتییە لە خۆ دەربڕین دەربڕینی هونەریش یەکێکە لەو ئامراز و کەرەستە و شێوە و هێما و هێڵانەی منداڵ، کە دەتوانێ دەربڕینەکانی پێدەربخات.

ئەمەش یەکێك لە پاڵنەرەکانی منداڵ، تا لە ڕێگەی شێوەکانەوە هەستەکانی دەربخات و کەمتر پشت ببەستێ بە ئاخاوتن بۆ تێرکردن و دەربڕینەکانیان لە ڕێگەی زمانی هونەرییەوە، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا:-

١. هەوڵبدات بۆ تێگەشتن لە کاری منداڵ و ناسینەوەی هێما و خەیاڵ و وێناکردنەکانیان و گەشەپێدانیان.

٢. ڕێزگرتنی کاری منداڵ و پشتیوانی کردنی بە هەمووشێوەیەك، بەڵام بەو مەرجەی دەست لە کار و باریان وەرنەدرێت. (عەلی ٢٠١٦، لا ٤٠)

منداڵ یەکەم مرۆڤ نییە، کە دەربینی هونەری بەکار بهێنێت وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی خۆی میسرییە کۆنەکان نووسینی هیرۆغیلیفییان بەکارهێناوە بە شێوەی سادە و ڕۆشن، یان بەشێوەیەکی پوخت و چڕ و پانتاییەکی فراوان لەواتا لەخۆیدا حەشار ئەدات، وە هیچ گومانێك


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نییە، کە لێکچوون هەیە لە نێوان بەکارهێنانی منداڵ بۆ دەربڕینی هونەری و بەکارهێنانی نووسینی هیرۆغیلیفی لە لایەن میسرییە کۆنەکانەوە، منداڵ ڕووداوەکان ئەهێنێت و ئەزموونەکانی خۆی کورت ئەکاتەوە لەو پوختە کێشراوانەدا و ئائەم نووسراوە پوختانەی دوو بارە ئەکاتەوە، هەتاوەکو ئەبێت بە ئاشناتر و نزیکتر لە ئەوەوە، هەتاوەکو پیتەکانی نووسین، کە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام ئەو هێڵ و پیتانەی منداڵ هێڵ و پیتی تایبەتن بەخۆی و بە کەسایەتی خۆی و ئەتوانین بیانسینەوە لە سۆنگەی چەندین کرداری تری هونەری منداڵەکەوە، کە هەستاوە بە کێشانیان و لێکچون زیاد ئەکات هەرچەندە هەست بە ئەو خەتانەی زەوی کرا، کە منداڵەکە پەڕەکەی پڕ بەش ئەکات، هەروەك چۆن میسرییە کۆنەکان ئەیانکرد بە چەند بەشەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە یەك بەدوای یەك هاتنێکی تەواودا و زۆربەی جار میسرییە کۆنەکان ڕێگەی نووسین و وێنە کێشانیان پێکەوە تێکەڵ ئەکرد.

بە کورتی ئەکرێت منداڵ پاڵپێوەنراوبێت لە لایەن غەریزەکانییەوە بۆ دەربڕین(تەعبیر) لە خودی خۆی و ئەم دەربڕینە دەرئەکەوێت بە زمانە تایبەتەکەی بە شێوەی چەند نامەیەك، کە ئەینێرێت بۆ دەوروبەری خۆی و لە زۆربەیدا چەندین لایەنی گرنگی تێدایە کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەیە بە منداڵەکەوە بە شێوەکانی کۆمەڵگاکەی، کە تێدا ئەژی.

هەروەها ئەکرێت ئەو دۆخەی منداڵی تێدایە و دەربڕینی بۆ خۆی هەیە بیچوێنین بە دۆخی ( التداعی الحر- Free Association) ئەوەی، کە دائەنرێت بە لێپێچینەوەی سەرەکی لە شیکاری دەروونی و ئامۆژگاری دەروونی، منداڵ لە کاتی دەربڕین لە خودی خۆی لە ژێر حاڵاتی پەروەردەیی دروستدایە و هیچ فشارێکی لەسەر نییە. (العزیز ٢٠١٤، لا ٧٢)

لە پێداویستییە بنچینەییەکان بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کە بوون و بیرو باوەڕ و فکرەکانی خۆی دەربڕێت و ئامرازێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە باوەڕەکان لێیەوە بگوازێتەوە بۆ خەڵکانی تر، و بۆ وێناکردنی ئەو فیکر و واتایانەی، کە پێی خۆشە خەڵکی لەسەری بوەستن و هەڵوێستە بکەن. ئەم پێداویستییە بۆ دەربڕین و پەیوەندی دادەنرێت بەگرنگترین ئەوشتانەی پاڵنەری منداڵن بۆ وێنەکێشان و بۆ چەندین جۆری جیاواز لە شێوەکانی دەربڕین، ڕەنگە یەکێك لەو شتانەی هاوکارمانەبێت لە تێگەشتن لەم پاڵنەرە، یان ئەو ئەرکە دەربڕینییەیە بۆ هونەر جا وەك یەك وایە چ بۆ منداڵ بێت، یان بۆ کەسێکی پێگەیشتوو دووشتە:

یەکەم، دەربڕینی هونەری جۆرێکە لە جۆرەکانی زمان.

دووەم، زمانی گۆیی، وەك ئامرازێك بۆ دەربڕین لە لای منداڵ، کورتهێنە بە تایبەت لە ئاستەکانی سەرەتای ژیانیدا. (القرظي ٢٠٠١، لا ٢٦)

## چوارەم: پاڵنەری خاڵیکردنەوەی تاوگیرییەکان:

لەم قۆناغەدا منداڵ هەنگاوێکی تر ئەهاوێژێت لە پاڵنەری هەستە جووڵەوە بۆ پاڵنەرێکی پێشکەوتوو تر، کە دەربڕینی هونەرییە و بریتییە لە خاڵی کردنەوەی تاوگیریی و هەست و سۆزەکان بەهۆی شێوە هونەرییە جیاوازەکان و لە ڕێگەی دەربڕینی ئازاد، ئەمەش دەربڕینە لە ڕێگەی تاوگیرییە هەستییەکان و دەربڕینی شێوەکان زۆرتر لە زمانەوانی.

واتە منداڵ لەم قۆناغەدا کەمتر گرنگی بە گفتوگۆ ئەدات و کەمترین دواندن ئەنجام ئەدات، بەڵکو هەوڵدەدات لە ڕێگەی وێنەکێشان و چالاکییەکانی تر ، وەك یاریکردن و گۆرانی وتن کارە هونەرییە دڵخوازەکانی ئەنجام بدات، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا لەم قۆناغەی لە منداڵ تێبگات و وریابێت. (عەلی ٢٠١٦، لا ٤٠)

خۆخاڵیکردنەوەی پەرچەکرداری ئەناسرێت بە Catharsis بە واتای خۆ خاڵیکردنەوە و پاککردنەوەی پەرچەکرداری.

مەبەست لە خۆخاڵیکردنەوەی ئەو بابەت و ئەزموونە پڕانەیە، ئەگەر ئەم فرسەتە کرایەوە بۆ خۆخاڵیکردنەوە و نەفەسدان ئەکرێت ئەو ئەزموونانەی بیربکەوێتەوە بە بێ ڕاڕایی و لێقرتاندن. (العزیز ٢٠١٤، لا ٧٣)

### پێنجەم: پاڵنەری ڕێزگرتن:

یەکێکە لە پێداویستییە مرۆییەکانی منداڵ و لە قۆناغی ژێر تەمەنی خوێندن، واتە قۆناغی باخچە بەتایبەتی کە دەبێت: منداڵ هەست بە ڕێزگرتن بکات لە لایەن بەرامبەرەکەیەوە، ئەمەش وا لە منداڵ ئەکات لە خۆی ڕازی بێت وەك ئەندامێکی زیندووی کۆمەڵگە سەنگین و قورس بێتە بەرچاوان و هەست بە دڵنیایی و دڵنەوایی بکات لە لایەن دەوروبەرییەوە، ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات گەشە بە هەستەکانی بدات. (عەلی ٢٠١٦، لا ٤١)

لە یەکێك لەو پێداویستییە دەروونیانەی منداڵ، پێداویستییەك هەیە، کە هەست بە ڕێز و گرنگی بۆ دانان ئەکات لەلایەن کەسانی چوار دەورییەوە و هەست بە ئەرزشی خۆی و بوونی تاکێتی خۆی بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت لە ڕێی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانی تر و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەی تێیدا ئەژیەت.

### شەشەم: ئەزموون و ئاشکراکردن وەك پاڵنەرێکی هونەری:

هەندێك جار ئەکرێت پاڵنەر لە پشتی دەربڕینێکی هونەری منداڵ بریتی بێت لە خۆشەویستی بۆ ئەزموونکردن و ئاشکراکردن و کنەکردنی ڕەگەز و توخمەکانی ژینگەکەی بەتایبەتی دوای توانای ڕۆشتن و گەڕان بە دەوری ژینگەکەیدا، بۆیە تووشی سەرسوڕمان نابین، کاتێك زانایان بۆ ئاستی پێش خوێندنگە واتە باخچە، وشەی ئاست و مەرحەلەی پرسیار بەکار ئەبەن، چەندە زۆرن ئەو پرسیارانەی منداڵ ئەیکات لەم ئاستەدا، بێگومان ئەوەش نیشانەی سەرسوڕمانی زیندووە بەنیسبەت هەمووشتێکەوە، چونکە منداڵ هەوڵئەدات زانیاری و مەعریفەکانی زیاد بکات و ئەیەوێت ئەوشتانە فێر ببێت کە سەرنجی ڕائەکێشێت و ئەیەوێت ئەو ئەزموونانە تێبگات کە پێیدا تێدەپەڕێت و هیچ ڕێگرێك نییە لە لای منداڵ، کە زانیارییەکانی لە جیهانێکی دەرەکی خۆی وەرگرێت، بەڵام لە ڕێی چەشتنی خۆیەوە منداڵ نازانێت ئاگر سوتێنەرە، مەگەر دوای ئەزموونکردنی، ئەمەش نەك لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە، وە بەڵکو بە ئەزموونی خودی. (العزیز ٢٠١٤، لا ٧٤).

### باسی سێیەم: جۆرەکانی چالاکی هونەری لە باخچەی منداڵاندا:

منداڵ لە دامەزراوەکانی پێش قوتابخانەدا بنەمایەکی گرنگی بنیادنانی کەسایەتییەتی بۆ گەورە بوونی لە داهاتوودا، خۆ ئەگەر باوك و دایك و پەروەردەکار بتوانێت منداڵەکەی فێری خوێندنەوە و نووسینیش بکات، و بیەوێت کەسایەتی ئەم منداڵە دروست بکات بەبێ پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا و نەبوونی گروپێك سەرکەوتوو نابێت، هەر بۆیە باخچەی منداڵان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت و کەسایەتی منداڵەکان هەمووپێکەوە بنیاد دەنێت و ئامادەی دەکات بۆ ژیانی داهاتووی.

لەو چالاکیانەی، کە پێویستە لە باخچەی منداڵاندا ئەنجامبدرێن، بە چالاکی هونەری و هەمووچالاکییەکانی دیکە، ئەمانەن:

_چالاکی وێنەکێشان:

وێنەکێشان ئەو هێڵکارییە ئازادەیە. کە منداڵ بەکاریدەهێنێت لە وێنەکێشاندا لەسەر هەر نوسراوێك بێت بە پێنوس، یان هەر شتێکی دیکە، کە لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست پێدەکات، هەتا پێگەیشتن و کامڵ بوون. (م. البسیوني ١٩٥٧، لا ٨٧)

یان شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی ناخ بە تایبەتمەندی جۆراوجۆر لەبواری زانین و مێشکەوە بێت یان لە بواری بۆ ڕەخسان و ویژدانەوە، کە خۆی لەبەردەم شیکردنەوە و دیاریکردنی بەهرەکاندا دەبینێەوە بە شێوەیەکی زانستی. (فرج ١٩٩٢، لا ٢)

وێنەکێشان تەنها وێنەکێشان نییە بە دەست، بەڵکو بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە وێنەگرتن و ڤیدیۆ گرتن و دروستکردنیش دەگرێتەوە. ئەم جۆرە هونەرەش زیاتر پشت بە کارامەییە کەسییەکان دەبەستێت، جا ژیری بێت یان کرداری و جێبەجێ کردن بێت.

گرنگی وێنەکێشان لە منداڵدا بارودۆخێکی لە پێشینەیە لە تەرکیزکردن و وەستان لەسەری وەکو نموونەیەکی داهێنراو، چونکە هونەری وێنەکێشان هونەرێکە ناخی منداڵ و بیرۆکەکانی دەخاتە سەر پارچە وەرەقەیەك.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەروەها وێنای تواناکانی ناخ و ڕەوشتەکانی دەکات، دەکرێت پێوانەی ئەم بارودۆخە بکەین لەم چەند کاتەدا:

**کاتی یەکەم (First Position)/** ئەم بارودۆخ و حاڵەتە سروشتیە بۆ سەرەتای وێنەکێشان لە لای منداڵ، کە خەیاڵی منداڵەکەیە و خۆی نواندووە لە وێنەیەکدا، کە دەکرێت وێنای بیناوی ڕۆژانەی خۆی بێت، خۆ ئەگەر داوای وێنەیەکی دیاری کراوی لێ بکرێت، ئەوا پەیوەستی دەکاتەوە بە بیناوەکانی خۆیەوە و بە خەیاڵی خۆی پەیوەندی نێوانیان بنیاد دەنێت.

**کاتی دووەم (Second position)/** حاڵەتێکی دەرخستەیی پەیوەندیدارە لەگەڵ منداڵەکە بە شێوەیەکی بەردەوام، دەرخستن (التعبیر) مەبەستمان هەموو شێوە و جۆرەکانیەتی پۆزەتیف و ئەرێنی بێت وەك دڵخۆشی، و خۆشی بینین، یان نێگەتیف و نەرێنی بێت وەك سەرکوت کردن، و ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی، لەم کاتەدا دەرخستن و دۆزینەوەی خودی منداڵ لە وێنەکانیدا زۆر گرنگە و پێویستە بزانرێ منداڵەکە لە کوێی وێنەکانیدایە.

**کاتی سێیەم (Third POSITION)/** بەهرە، لێرەدا منداڵ ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبێتەوە لەگەڵ بەهرە و کارامەییەکانی وێنەکێشاندا، و پێویستە توانای داڕشتنی پلان و خۆشویستنی ڕەنگەکانی تێدابێت وەکو هەنگاوی یەکەم.(عبدالمجید، لا ١١٤).

تایبەمەندییەکانی وێنەکێشان لای منداڵان:

**یەکەم: تەختی (Flatting or folding over)**

واتە ئەم تایبەتمەندییە منداڵ لە وێنەکەیدا ئاسانی و تەختی هەڵدەبژێرێت و خاڵیە لە هەر ڕوانگە و ناڕوونییەك.

دووەم: تێکەڵکردنی تەختییەکان و شێوەکان لە یەك لاپەڕەدا: (Mix forms and plans)

واتە پابەندنەبوونی منداڵ بە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە لە بینین بۆ شتەکان، واتە وێنەی چەند شتێك دەکێشێت، کە لە ژینگەکەیدا بینیونی.

**سێیەم: زیادەڕەوی کردن و سڕینەوە یان پشتگوێ خستن: (Exaggeration and omission)**

واتە نەبوونی پەیوەندی نێوان بەشەکانی وێنەکە، یان منداڵەکە گرنگی بە بەشێکی وێنەکە دەدات و بەشەکەی تری پشت گوێ دەخات.

**چوارەم: شەفافی و دەرکەوتوویی: (transparency)**

بەواتای دەرخستنی هەموناوەڕۆکی وێنەکەی و شێوەکان، بە هۆیەوە منداڵەکە هەوڵدەدات وێنەیەکی ڕاستەقینە بکێشێت، بەڵام ناواخنی شکڵ و شێوەکان دەردەخات(السید، ٢٠١٨، لا ١٥٥٢- ١٥٥٥).

## _ چالاکی کاری دەستی:

مەبەست ئەو چالاکییانەیە، کە پێویستی بە بەکارهێنان و جووڵەی قۆڵ و پەنجە هەیە، بە شێوەی کۆمەڵ یان بە تەنها، کە ئەم چالاکییانە بە شێوەیکی خێرا و ورد ئەنجامدەدرێت و پێویستی بە لێزانین و ئەزموون هەیە.

هەروەها پێناسە کراوە بەو توانا و چالاکییانەی بە شێوەیەکی ڕێك، یان ناڕێك بە دەست و قۆڵ و پەنجەکان ئەنجامدەدرێت .

## گرنگی ئەم چالاکییانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە:

١. گەشەپێدانی توانای جووڵە لە لای منداڵ.

٢. گەشەپێدانی توانای ئاڵوگۆڕکردن.

٣. گەشەپێدانی توانای دەربڕین بە دەست.

٤. چالاکی دەستی دەکرێت دروستکەری شێوازی ژیان بێت بۆ منداڵ.

٥. توانای هەڵسوکەوتی دروست بونیاد دەنێت لە ڕێگەی دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانی و سوود وەرگرتن لە چەند بارە بوونەوەی چالاکییەکان.(شلبی ٢٠٢٠، لا ١٤٤- ١٤٧).

## ـ چالاکی میوزیک:

منداڵ لەکاتی لە دایك بوونییەوە هەستیارە بەرامبەر هەموو دەنگێك بەتایبەتی تۆنەکانی میوزیك، کە زۆرجار هۆکارێکە بۆ خەوتن و خەواڵو بوون، یان دروستکردنی کەشێکی شادی بەخش، ئیدی لێرەوە میوزیك دەکرێت یەکەم هۆکاری پێشوازی کردنی منداڵ بێت بۆ جیهان و ژیان.

-میوزیك بەهایەکی سایکۆلۆژی گرنگی پەروەردەیە.

-میوزیك هۆکاری گەشەی منداڵە لە زانیاری و ڕاستیەکان و کارامەییە میوزیکەکان و جوانی و لایەنە هونەرییەکان.

-چالاکی میوزیکی دەکرێت ڕێگەی فێربوونی چەمکەکانی زانستی و ژیری و کۆمەڵایەتی بێت، لەگەڵ کاتێکی سوود بەخش و چێژ بەخش.(أبو المنجد، ٢٠١١، لا ٢١٩-٢٢٠).

چالاکی میوزیکی یەکێکە لە هۆکارەکانی پەروەردەی نویێ، کە لەسەر بنەمای میوزیکی دادەڕێژرێت، کە ئاواز (لەحن، و ڕیتم) خۆی لە ژەنینی ئامێرەکان و گۆرانی و یاری میوزیکی و چیرۆکی جوڵەیی و گوێ گرتن و جێژ بینیندا دەبینێتەوە.(فرج، ٢٠٠١،لا ٤٤).

هەروەها میوزیك منداڵ ڕادەکێشێت لە زۆر لایەن و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەوە، کە دەکرێت بە شێوەی گروپی گەورە و بچووکەوە ئەنجامدەدرێت، کە کار لەسەر گەشەی کۆمەڵ و تەواوکاری کۆمەڵایەتی دەکات.

هەروەها میوزیك کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی لایەنە چالاکییەکانی منداڵ لە ڕووی گەشەی چالاکییەکانیەوە.

هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات لەسەر کۆنترۆڵ کردنی پەرچەکردارەکانی بە تایبەت گوێگرتن و هەست و بەشداریکردنی ویژدانی.

هەروەها ڕێژەی ڕاڕایی کەمدەکاتەوە.

ئەمە جگە لەوەی میوزیك بەشداری دەکات لە کردەی چالاکی پزیشکی و دەروونی بۆ منداڵ.

هەروەها هۆکارێکە بۆ پەیوەندی بەبێ گوفتار. (أبو المنجد، ٢٠١١، لا ٢١٩-٢٢٠).

ڕێگەی دروست بۆ بنیادنانی هۆشیاریی و زیرەکی منداڵێکی دیراکراو "بۆ نموونە" لە فێرکردنی میوزیك بە شێوەیەکی سەرەتایی و ڕاهێنان لەسەر پاراستنی پەرەگرافەکانی میوزیکی تایبەت بە پەنجەی میوزیکی، کە بە پەنجەی گەورە دەناسرێت، دواتر ڕاهێنان دەکرێت بەشێوەیەکی دروست و یەك لە دوای یەك و زانستیانە، و دانانی پیتەکان لەسەر ئامێرەکە بە شێوەی پێنج پەنجەی دەست.

### فێربوونی میوزیك، وەك هەر کردەیەکی دیکە دوو جۆری هەیە:

### یەکەم: شێوە تیۆریەکە بەم شێوەی ئێمە، کە باسمان کرد.

دووەم: شێوەی پراکتیکی کە خۆی لە ڕاهێنان و ئەزموون کردندا دەبینێتەوە. .(عبدالمجيد، لا ١١٦).

## ـ چالاکی شانۆیی و نواندن

شانۆ: شوێنێکی ناسراوە بۆ نمایشی شانۆگەرییەکان، پاشان ئاماژە بوو بۆ شوێنێك کە نمایشێك تێدا ڕوودەدات، لەسەر شێوەی فەرمی شانۆ کە لەسەرووی ئەوەوە نمایشە شانۆییەکان ئەنجامدەدران، دەوترێت: شانۆی ڕووداوەکان، شانۆی تاوانکاری ... هتد. (داود،٢٠٠٣، لا ٤٩٩)

شانۆ یەکێکە لە هونەرە دیار و بەربڵاوەکان لە کلتوورەکاندا، شانۆ بە پلەی یەکەم هونەرێکی ئەدەبیە، بەڵام لە ئاست و پلەی جیاجیادا هونەری ڕەفتار و گۆرانی و سەما و نمیشیش لە خۆدەگرێت. (أبومغلي،٢٠٠٨ لا ٣٨).

شانۆی منداڵانیش ئەو شانۆیەیە، کە لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵیزم دادەمەزرێت بە مەبەستی منداڵ و بەدەرخستنی، فرمانی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەوەیە، کە بەشدارە لە ڕێگەی کاری هونەریەوە لە پەروەردە و دروستکردنی نەوەی داهاتوو دا، هەموو بنەما و یاسا و ڕێساکانی شانۆگەری تێدایە لە بنەما ئەدەبی و هونەرییەکان، پێویستی بە نووسەرێکی شارەزا و داهێنەر و ڕۆشنبیر هەیە، کە شارەزایی لە بنەماکانی شانۆ و پێکهاتەکانیدا هەبێت و تایبەتمەندیەکانی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەیان لەبەرچاو بگرێت، هەروەها پێویستی بە دەرهێنەری تایبەتیش هەیە. (العناني،١٩٩٧،لا ٢٦).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شانۆی منالان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕوسیا دەرکەوت، و لەژێر دەسەڵاتی یەکییەتی سۆڤیەتیدا، بۆ نموونە یەکەم شانۆی منداڵان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ ئەنجامدرا، لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٧ و لە میسر لە ساڵی ١٩٥٣ و لە سوریا و ئوردن و لوبنان لە سەرەتای ساڵی حافتاکانەوە ئەنجام دراوە، کە پێکهاتبوو لە چالاکی جادوی و فۆلکلۆری و چیرۆك و سروود. (مرعی، ١٩٩٣،لا١٠).

**لەسەر ئەم بنەمایە شانۆی منداڵان دابەشدەبێت بۆ چەند جۆرێك:**

١-شانۆی خۆڕسك: ئەم شانۆیە لەگەڵ منداڵدا دروست دەبێت و بە شێوەیەکی سروشتی هاوڕێیەتی دەکات، کە خۆی لە نواندن و یاری ئازاد دا دەبینێتەوە.(الحجوسي،١٩٨٩،لا ٢٧)

٢-شانۆی فێرکاری: ئەم شانۆیە منداڵ تێیدا بەشداری دەکات لەسەر شێوەیەکی ڕێکخراو لە ژێرچاودێری مامۆستا، لەگەڵ هەبوونی چەند دەقێکی ڕێکخراو و ئامادە، کە ئەم جۆرە شانۆیە چەند جۆرێکە، لەوانەش وەکو:

أ-شانۆی فێرکاری یەکەم: کە پەیوەندی هەیە بە پەروەردە و ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی ڕاهێنان لەسەریان.

ب-شانۆی قوتابخانە: ئەم شانۆیە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی پەروەردەییدا ئەنجامدەدرێت، کە مەبەست لێی ناساندن و پیشاندان و فێرکردنی لایەنە فیکری و ویژدانی و هەستی و جولەییە.(المالکي،٢٠١٠،لا ١٧٢).

لە گرنگترین ئامانجەکانی شانۆی منداڵان و شانۆی قوتابخانە کە باخچەش دەگرێتەوە:

١-گەشەپێدانی هەستە پۆزەتیفەکان و هەستە سەلامەتەکان لەلای منداڵ و جوڵاندنی هەست و سۆز لە سەرسام بوون و ترس و بەزەیی.

٢-گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ لە ڕووی زمانەوە بۆ فێربوون و دەربڕینی وشەی نوێ.

٣-تێکەڵ بوونی منداڵان لەگەڵ یەکتر و دروستبوونی هاوڕێیەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٤-چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونییەکانی منداڵ.

٥-دەرخستنی کارامەییەکانی منداڵ.

٦-پەروەردەکردنی جوولە و گەشەپێدانی جوولەی جەستە  لەلای منداڵ.

٧-گەشەپێدانی هەندێك لایەنی ئەرێنی لەلای منداڵ بەتایبەت بەها دینی و کۆمەڵایەتییەکان.

٨-دروستکردنی ئینتیمای نیشتیمان.

٩-جوڵاندنی ویستی منداڵ بۆ فێربوون و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی جۆراوجۆر.

١٠-بەکارهێنانی کات و توانای منداڵ بۆ کارێکی بەسوود و جێژ بەخش. (المالکي،٢٠١٠،لا ١٧٥).

**ــ چالاکی چیرۆک:**

چیرۆك جۆرێکە لە جۆرەکانی دەربڕین و ئەدەب، کە کار لەسەر گواستنەوەی ئەزموونی ژیان دەکات، کە پێکدێت لە دوو جۆر: نووسین یان گوتن، کە هەردووکیان دەکرێت ڕاستی و واقعی بن یان دروستکراوی چیرۆك بێژ یان نووسەر بن، کە مەبەست لێی بەجێگەیاندنی ئامانجێکی ویژدانی و ڕۆشنبیری و زانیاری و پەروەردەییە.(حسین،٢٠٠٠،لا ٣)

چالاکی چیرۆکی کۆمەڵێك چالاکی لەخۆدەگرێت، کە باس و خواسەکان لە گەشەپێدانی هەست و سۆز و بەرپرسیارییەتی و چەندەها لایەنی دیکەی ژیاندا خۆی دەبینێتەوە.

**ئامانجەکانی چیرۆك بۆ باخچەی منداڵان:**

**یەکەم: ئامانجی پەروەردەیی و فێرکاری:**

ئامانجی چالاکی چیرۆکی خۆی لە فێربوونی منداڵاندا دەبینێتەوە لە چەمکە زانستییە جۆراوجۆرەکان و کارامەییەکان لە لای منداڵ و هەڵنانی بۆ داهێنان و فێربوون.

هەروەها فێربوونی چۆنیەتی بەکارهێنانی کاتە بەتاڵەکان، چۆنیەتی ڕێزگرتن لە بۆچوونی کەسانی دیکە، و وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و دوورکەوتنەوە لە کارە خراپەکان.

**دووەم: ئامانجە دەروونییەکان:**

کە خۆی لە گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ و بەهێزکردنی هەستی ئەمن و ئاسایش و دڵنیایی و دروستکردنی پەیوەندی نێوان منداڵ و چیرۆك بێژ و دروست بوونی متمانە لەلای منداڵ لە ڕێگەی چیرۆکەکەوە.

**ئامانجە ڕۆشنبیرییەکان:**

کە خۆی لە نیشاندانی زانیاری گشتی و ڕاستییەکان لە ژیان و کۆمەڵگە لە ژینگەی منداڵ و ژینگەکانی چواردەوری، و گەشەپێدانی توانای ڕەخنە و زیاتر بوونی زانین و زانستی منداڵدا دەبینێتەوە.

**ئامانجە جوانییەکان:**

گەشەپێدانی هەستی جوانی و زەوقی هونەری لای منداڵ و یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەورەبوون و شیکردنەوەی بەهای جوانی و زەوقی سەلامەت لە ڕێگەی بەریەککەوتنی لەگەڵ کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە.(الدسوقي، ٢٠١٨،لا ٨٥٤-٨٥٥).

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

-باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گرنگە و لە هەمووولاتان گرنگی پێدەدرێت، چونکە یەکەمین ژینگەیە لە دوای ژینگەی ماڵەوە کە گرنگی بە لایەنی پەروەردە دەدات.

-هونەر بابەتێکە، کە پەیوەستە بە هەمووقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤەوە، بەڵام شێواز و جۆر و لایەنەکانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕدرێت.

-هونەر بە گشتی لە چەند جۆرێك پێکدێت، لەوانە: چیرۆك، شیعر و سروود، تراژیدیا و کۆمیدیا.

-پەروەردەی هونەر یەکێکە لە وانە گرنگەکانی قۆناغی باخچەی منداڵان و لە هەمووباخچەکانی هەرێمی کوردستاندا دەخوێنرێت.

-پەروەردەی هونەر هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی ڕەفتاری منداڵ و ئاراستەکردنی بە لایەنی پەروەردەیی، تەنها لێکۆڵینەوە نییە لە ناساندنی کارامەییەکان، بەڵکو چالاکییەکی مێشکی و زیرەکیشە، هاندەری توانای داهێنانە لە نێو منداڵان و ڕێکخستنی بیر و هۆشیان و گرنگی پێدان و پلان دارێژەر و دەرخەری توانا هونەرییەکانیانە بە تایبەتی.

-پەروەردەی هونەر کاریگەری هەیە لە لایەنی پەروەردەیی منداڵان و دەکرێت ئەم کاریگەرییە لە تەواوی ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە.

-پەروەردەی هونەر لە باخچەکانی هەرێمی کوردستاندا پێکهاتووە لە چەندین بواری چۆراوچۆر، لە وێنەکێشان و شانۆگەری و سەما و گۆرانی و موزیك و ...تاد.

-لە باخچەی منداڵاندا بە تایبەتی لە چالاکی هونەریدا پەرە بە چەندین لایەنی گرنگی ژیانی منداڵ دەدرێت، وەکو لایەنی هزری و ویژدانی و کۆمەڵایەتی و کارامەیی و جوانی و داهێنەری دەدرێت.

-پەروەردەی هونەر چەندین ئامانجی گرنگ و مەبەستی سەرەکی هەیە: لە گەشەپێدانی سۆز و ویژدانی منداڵ، و چۆنیەتی بەکارهێنان و سوود


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەرگرتن لە ئەندامەکانی جەستە، و تێکەڵ بوون و درووست بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، و دروست بوونی بیری کار و جوڵان و ئامانج لە ژیاندا، و چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵ وەکو کێشەی گۆشەگیری و خەمۆکی و چەندەها کێشەی تر.

## لیستی سەرچاوەکان:


**سەرچاوەکوردیەکان:**

عەلی, خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر. ٢٠١٦.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

**کتێب:**

١-البسيوني, - محمد. أسس التربية الفنية. ط ٦. القاهرة: عالم الكتب, ١٩٩٣.

٢-البسيوني, محمود. اتجاهات في التربية الفنية. القاهرة: دار المعارف, ١٩٥٧.

٣-الحيلة, محمد محمود. التربية الفنية و أساليب تدريسها. الطبعة الثالثة. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع, ٢٠٠٨.

٤-السعود, خاد محمد. مناهجالتربية الفنية بين النظرية والبيدغوجيا. الطبعة الولى. عمان: دار وائل للنشر, ٢٠١٠.

٥-العزيز, مصطفى محمد عبد. سيكولوجية التعبير الفني عند الأطفال. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية, ٢٠١٤.

٦-القرظي, عبد المطلب الأمين. مدخل إلى سايكولوجية رسوم الأطفال. ط ٢. القاهرة: دار الفكر العربي, ٢٠٠١.

٧-القزاز, فاطمة عبد اللطيف خليفة. برنامج أنشطة فنية لتنمية مهارة. سادات, ٢٠١٨ .

٨-الهنيدي, مثال عبدالفتاح. الأنشطة الفنية لطفل الروضة. القاهرة, ٢٠٠٦.

٩-بخوش, صادق. التدليس على الجمال. الجزائر: المؤسسة الوطنية للاتصال والنشر والإشهار, ٢٠٠٧.

١٠-سعادة, جودت أحمد. صياغة الهدف التربوية التعليمية في جميع المواد الدراسية. الأردن: دار الشروق, ٢٠٠٥.

١١-شحاتة, حسن, and زينب النجار. معجم المصطلحات التربوية النفسية. ط ١. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية, ٢٠٠٣.

١٢-صالح, قاسم حسين. الإبداع وتذوق الجمال،. عمان- الأردن: دار الدجلة, ٢٠٠٧.

١٣-عبلة, حنفي. الفن في عيون بريئة. القاهرة, ١٩٩٩.

١٤-فارس, د.عصام. رياض الأطفال. الطبعة الأولى. الأردن: دار المشرق الثقافي, ٢٠٠٦.

١٥-فرج, صفوت. الذكاء و رسوم الأطفال. القاهرة: دار الثقافة, ١٩٩٢.

١٦-قناوي, هدي محمد. الطفل و رياض الطفل. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية, ٢٠٠٨.

نامەئەکادیمییەکان

١٧-عايش, أحمد جميل. أساليب تدريس التربية الفنية والمهنية والرياضية. ط١. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة, ٢٠٠٨.

١٨-عبدالرزاق, بلشير. المواد الفنية و مكانتها في المدرسة "إطروحة دكتوراه". الجزائير: كلية العلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، قسم الثقافة الشعبية،جامعة تلمسان, ٢٠١٢.

١٩-مطاوع, هبة مصطفى. تحسين الإنتاجية التعليمية بؤسسات رياض الأطفال بمصر في ضوء معايير الجودة "دراسة مستقبلية" "رسالة دكتوراه". مصر: كلية التربية بدمياط، جامعة المنصورة , ٢٠١٢.

٢٠-القزاز, فاطمة عبداللطيف. برنامج أنشطة فنية لتنمية مهارة التعبير الحركي لدى طفل الروضة. مصر: جامعة مدينة السادات, ٢٠١٨.

**سەرچاوە بیانییەکان**

21-Nainis, N.and paice. "Relieving Symptoms in Cancer;Innovative use of art therapy." Journalof pain And Symptom anagement, 2006: 2.